ناوەندی ڕەها
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

I GOT HER LOVE

# ئەوینی دلبەرم بەدەست هێنا

یوسف عەززاوی



وەرگێڕانی:
زامدار قادری

Avan Bahjat

# ئەوینی دلبەرم
# بەدەست هینا

ناوەندی ڕەها
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

بەڕێوەبەری گشتیی
ناوەند: زامدار قادری

بەڕێوەبەری چاپ و
بڵاوکردنەوە: ئەیاد نادر

هەولێر، بازاڕی ڕۆشنبیری، تەنیشت پارێزگا
+964 750 406 6674
Nawandi Raha / ناوەندی ڕەها

ناوەندی ڕەها
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

# ئەوینی دلبەرم

# بەدەست هێنا

نووسینی

یوسف عەززاوی

وەرگێڕانی

زامدار قادری

چاپی یەکەم

٢٠٢١

ناوەندی ڕەها
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

ژمارەی بڵاوکراوە: **٨٥**

ناوی کتێب: **ئەوینی دلبەرم بەدەست هێنا**

نووسینی: **یوسف عەززاوی**

وەرگێڕانی: **زامدار قادری**

دیزاینی بەرگ: **بسسام مەحمود**

دیزاینی ناوەوە: **ئەیاد نادر**

ساڵی چاپ: **٢٠٢١**

تیراژ: **١٠٠٠ دانە**

لەبەڕێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە سپاردنی**٣٩٦** ی ساڵی ٢٠٢١ ی پێدراوە.

"من ئەو قسانە دەکەم، کە تۆ جورئەتت نییە بیریشی لێبکەیتەوە"

فیودور دۆستۆیفسکی

ئەم کتێبە، بانگەوازێکە بۆ بیرکردنەوە و جیهانبینینێکی سەردەمیی و شارستانییانە.

## ئەم کتێبە بە:

سوارچاکانی بەیانی،

بنیاتنەرانی دوارۆژ،

خاوەن هیممەتی بەرز و پاڵەوانانە،

(لاوانی ئەم سەردەمە)

پێشکەشبێت

"بە نەوەکانی سەڵاحەددین ئەییوبی پێشکەشە"

# پێشەکیی نووسەر:

هیچ گەل و نەتەوەیەک چاکسازیی لەناویدا دروست نابێت، تا چاکسازیی لە خودی خۆیان دەست پێنەکەن و کێشەکانیان دیاریی نەکەن و چارەسەری گونجاوی بۆ نەدۆزنەوە.

دکتۆر عادەتەن سەرەتا نەخۆشییەکە لە لاشەی مرۆڤ دیارییدەکات، پاشان چارەسەر بۆ نەخۆشەکە دادەنێت.

ئەم کتێبەی بەردەستت خاڵە ئەرێنیی و نەرێنییەکانی ئەم کۆمەڵگایانەی ئێمە دیاریدەکات، چونکە هەڵسوکەوتی هەریەکەمان دەبێتە بەشێک لە بنیاتنانی ئەو کۆمەڵگایە. پێشنیان دەیانگۆت: "چاکەکان گشتگیر دەبن، بەڵام خراپەکان تایبەت دەبن بە تاکەکان". لەبەرئەوە کاتێك کارە چاکەکان زۆردەبن، لایەنە ئەخلاقیی و سلوکییەکان زیاتر پەرەپێدەدرێت لە او تاکەکانی کۆمەڵگادا، ئەوا لە ناو کۆمەڵگادا بەگشتیی ڕەنگدەداتەوە و گۆڕانکاریی زۆر باش ڕوودەدات.

بۆ ژیانێکی باشتر، بە ڕاستییەوە بژی.

## ((رحمة من الله لنت لهم))

دەگێڕنەوە کرێکارێک لە یەکێک لە کارگەکانی ساردکردنەوە و ماسییهەڵگرتن لە یەکێك لە وڵاتان کاریدەکرد، ڕۆژێکیان پێش چوونەماڵەوە بۆ کارێک چووە ناو یەکێک لە ساردکەرەوەکانی ماسییهەڵگرتن، بۆ ئەوەی کۆتا کاری ئەنجامبدات. لە کاتی راپەڕاندنی کارەکەیدا دەرگای ساردکەرەوەکە بە هەڵە داخرا. کرێکارەکە زۆر هەوڵیدا نەکرایەوە، ناچار دەستیکرد بە هاوارکردن و بە هەموو دەنگی هاواری ڕزگارکردنی لە هاوڕێکانی دەکرد، بەڵام هیچ کام لە کرێکارەکانی دیکە لەوێ نەمابوونەوە و چووبوونەوە ماڵەوە و کەس لە کارگەکەدا نەمابوو. پاش تێپەڕبوونی (٥) کاتژمێر خەریکبوو کرێکارەکە لە سەرماندا ڕەقببێتەوە، لەوکاتەدا پاسەوانی کارگەکە خۆی دەکات بە ژوورەوەدا و دەرگاکە دەکاتەوە و ڕزگاریدەکات.

پاش ئەوە کاتێك بەڕێوبەرەکە پرسیار لە پاسەوانەکە دەکات، کە چۆن زانیویەتی ئەو کرێکارە لە ژوورەوە ماوەتەوە و لەگەڵ کرێکارەکانی دیکە نەچووەتە ماڵەوە؟

پاسەوانەکە گوتی: قوربان، من ماوەی ٣٠ ساڵە لێرە کاردەکەم، ڕۆژانە سەدان فەرمانبەر و کرێکار دەچنە ژوورەوە و دێنەدەرەوە، هیچیان سڵاو لە من ناکەن و چاک و چۆنیم لەگەڵدا ناکەن، تەنیا ئەو کرێکارەی گیریخواردبوو نەبێت، لەبەرئەوە ئەو ڕۆژە کەس

سڵاوی لێنەکردم و زانیم هێشتا لە ژوورەوەیە، لەبەرئەوە بەدوایداگەڕام تا دۆزیمەوە و ڕزگارمکرد.

ئازیزانی من، بزانن وشەکان چەندە کاریگەریی گەورە بەجێدەهێڵن، دەتوانی چاکەی پێبکەیت و دەشتوانی خراپەی پێبکەیت. وشەی چاک، ڕازەکان خاوێندەکات و ئەو دڵانەی کە شکاون لە ساتی تووڕەییدا چاکدەکاتەوە، پەیوەندیی نێوان ئێمە و خەڵک بەهێزدەکات. جیا لەمانە دڵەکان لەیەکتری نزیکدەکاتەوە و ڕق و حەسوودیی دووردەخاتەوە.

وشەی چاک، دەکرێت ببێت بە دارێکی بەردار و پڕ لە خێروبێر بۆ خەڵک، هەروەک پەروەرێنی ئازیز لە قورئانە جوانەکەیدا دەفەرمووێت: (﴿أَلَمْ تَرَ كَيْفَ ضَرَبَ اللَّهُ مَثَلًا كَلِمَةً طَيِّبَةً كَشَجَرَةٍ طَيِّبَةٍ أَصْلُهَا ثَابِتٌ وَفَرْعُهَا فِي السَّمَاءِ ﴿٢٤﴾ تُؤْتِي أُكُلَهَا كُلَّ حِينٍ بِإِذْنِ رَبِّهَا وَيَضْرِبُ اللَّهُ الْأَمْثَالَ لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ ﴿٢٥﴾﴾ ابراهيم: ٢٤ - ٢٥

واتە: ((ئایا نابینی خوای گەورە چۆن نموونەی وشەی چاك و پاکی هێناوەتەوە کە وشەی ئیسلام و تەوحیدو لا إله إلا الله یە، یان هەموو وشەیەکی پاك و چاکە کە فەرمان کردن بەچاکەو ڕێگری کردن لە خراپە بێت، نموونەی ئەم وشەیە وەکو دارێکی پاك وایە کە وتراوە: دار خورمایە کە ڕەگەکەی جێگیرە لە ناخی زەویداو لق و چڵەکانی بەرز بۆتەوە بۆ ئاسمان، بەم شێوەیەش وشەی تەوحید لە

دڵی ئیمانداردا جێگیرەو لق و چڵی بەرز بۆتەوەو لە ژیانی مرۆڤی ئیماندار ڕەنگ ئەداتەوە.

هەموو کاتێك بەرووبوومی خۆی ئەدات بە ئیزنی خوای گەورە، وشەی تەوحید هەموو کاتێك هانی خاوەنەکەی ئەدات بۆ خێرو چاکە، یاخود چۆن دارخورما هەموو کات بەرهەمی هەیە باوەڕداریش وایە هەموو کات کردەوەی چاکی بەرز دەبێتەوە وە خوای گەورە بەم شێوازە نموونە بۆ خەڵکی ئەهێنێتەوە بەڵکو بیر بکەنەوە.))

قسەی خۆش بەرهەمدارە. قورسییەکان ئاساندەکات و دەروونەکان ئاسوودەدەکات. دەرگاکان دەکاتەوە. ڕێگاکان ئاساندەکات و خەم لادەبات و تووڕەیی ناهێڵێت.

بەڵام بەداخەوە بەشێکمان هیچ گرنگیی بەو وردەکارییانەی قسەکردن نادات کە بۆ ئێمە زۆر گرینگیشە. لەبەرئەوە دەبینین یەکێک لە ناو خەڵکدا سووکایەتیی بە هاوڕێکەی دەکات، یان بە نازناوێک بانگیدەکات کە لە لای ناخۆشە، یان جنێو بە دایک و باوکی دەدات و وشەی نەشیاویان بەرانبەر بەکاردەهێنێت.

یان لە بەرانبەر خەڵکدا قسە بە منداڵەکەی دەڵێت و بە ناوی تەربیەتدان بریندارىدەکات. ئازیزم هەستی کەسان زۆر ناسکە و بە یەک وشە ڕەنگە پەیوەندیی ئەوینی نێوانتان بپسێت.

جێنودان زۆر ناشرینە و پێیناگوترێت گەمە و گاڵتە!

وشەی نەشیاو، خاوەنەکەی زیاندار دەگەیەنێت و هیچ سوودی لێنابینێت. وشەی نەشیاو، دڵەکان ڕەقدەکات و وادەکات ڕەشببێت بە ڕق و کینە. سەرەڕای ئەمانە هیچ چاکەیەک بە خاوەنەکەی ناگەیەنێت و پەیوەندییەکانیش دەپچڕێنێت و دڵەکان لەیەکتر دەترازێنێت و لە کینە و ڕق پڕیدەکات.

هەروەک پەروەرێنی میهرەبان دەفەرموێت: (﴿وَمَثَلُ كَلِمَةٍ خَبِيثَةٍ كَشَجَرَةٍ خَبِيثَةٍ اجْتُثَّتْ مِن فَوْقِ الْأَرْضِ مَا لَهَا مِن قَرَارٍ ﴿٢٦﴾﴾ ابراهیم: ٢٦

واتە: وە نموونەی وشەی پیس کە وشەی کوفرو شیرك و خراپەیە وەکو دارێکی پیس وایە کە وتراوە: گوژاڵکە کە هەڵکێشرابێ و لەسەر زەوی فڕێ درابێت و با بیبات هیچ لەسەر زەویدا جێگیر نابێ، وشەی کوفرو شیرك و تاوانیش بەم شێوازەیە، یاخود کافریش وەکو گوژاڵکی هەڵکێشراوی فڕێدراو وایە بێخێرەو کردەوەی بەرز نابێتەوەو لێی قەبوڵ ناکرێت.))

وشەی نەشیاو، زۆر بە زەرەر و زیانەوە بۆ خاوەنەکەی دەگەڕێتەوە. وادەکات خاوەنەکەی لە لای هاوڕێیانی لەکەدار و ڕقلێکراو ببێت.

هەروەک پەروەردگار دەفەرموێت: (﴿فَبِمَا رَحْمَةٍ مِّنَ اللَّهِ لِنتَ لَهُمْ ۖ وَلَوْ كُنتَ فَظًّا غَلِيظَ الْقَلْبِ لَانفَضُّوا مِنْ حَوْلِكَ ۖ﴾ آل عمران: ١٥٩

واتە: ئەی محمد - صلى الله عليه وسلم - بەهۆی ڕەحمەتی خوای گەورەوە بەسەر تۆوە تۆ ئاوا نەرم و نیان بووی لەگەڵ ئەوانەی

دەورووبەرت وە ئەگەر تۆ کەسێکی قسەخراپ و ڕەوشت خراپ و ڕەق و ووشك و دڵڕەق بوویتایە ئەوا لە دەورت دوور ئەکەوتنەوە))

مرۆڤ بە سروشتی خۆی حەز بە ئارامیی و بێدەنگیی دەکات، لە بەرانبەردا ڕقی لەوە دەبێتەوە کەسێک قسەی پێبڵێت.

لەبەرئەوە دەبینین خەڵک لەوانە دووردەکەونەوە کە مامەڵەی خراپ و بەدئەخلاقیی دەکەن.




Description

بسم الله الرحمن الرحيم

🤍چەناڵێک تایبەت بە کتێب و بابەتی جیاواز🤍

**ئەم کتێبە لەلایەن { ئاڤان بەهجەت }**
**کراوە بە دیاری بۆ خوێنەران**

چەناڵ
https://t.me/tanyahaji7

t.me/tanyahaji7

Invite Link

## پوختەی قسان:

(هەموو کات قسەی باش و چاک بکە، تۆ نازانیت بە کام قسەت دڵی کەسێک بەدەستدەهێنیت!)

ژیان بەو قورسییە نییە کە دەیبینین، بەڵام ئێمە هەمیشە شتەکان لە قەبارەی خۆیان گەورەتر دەکەین.

## ئادابی ئامۆژگارییکردن

ئامۆژگاریی، لە زمانەوانییدا واتە: گونجاندنی نێوان دوو شت و پێکەوەبەستانیان. ئامۆژگاریی گرنگییەکی فراوانی لە ناو کۆمەڵگادا هەیە، ئاگەدارکردنەوەی مرۆڤەکانە لە بڕیاردانی لە بابەتێکی دیارییکراو، یان لە کاتی تووشبوونی کێشەیەک کە پەیوەستبێت بە ژیانی تاکەکەسییەوە، جا چ کۆمەڵایەتیی بێت، یان کرداریی بێت.

سروشتی ئامۆژگاریی وایە پێویستە داواکردنی چاکەی بەرانبەر تێدابێت و بۆ ڕێگای ڕاست ڕێنموونییبکات. ئەگەرچی ئامۆژگاریی چەکی دوو سەرە، هەندێک جار ئامانجدارە و هەندێک جاریش ڕووخێنەرە.

ئامۆژگاریی چەند مەرج و ڕێسایەکی هەیە پێویستە لە کەسی ئامۆژگارییکەردا هەبن، تا ئامۆژگارییەکەی کاریگەریی هەبێت. لەبەرئەوە هەندێک کات ڕەنگە بە هەڵە لە ئامۆژگارییەکە بگەن و وای لێکبدەنەوە کە خۆتێهەڵقورتانە لە ژیانی ئەواندا، یان هەڕەشەیەکە بۆ ئازادیی خودیی. هەندێکی تر واتێبگەن کە ئەوان لاوازن و ناتوانن بڕیارەکانیان بە شێوازێکی یەکلاکەرەوە و ڕاستەوخۆ بدەن، بەبێ ئەوەی کەس بێتە نێوانەکەوە، هەر لەبەرئەوە پێویستە تەواو گوێ لە بەرانبەر بگیرێت، پێش ئەوەی پەلە بکرێت لە ئامۆژگارییکردنیدا. لە پاشان ئەوپەڕی گرنگیی و سۆزی تەواوت

بەرانبەر ئەو کەسە هەبێت، کە کێشەکەی بەسەرهاتووە، یان خاوەن بابەتەکەیە. پاشان دەستبکەین بە خستنەڕووی چەندان چارەسەر و ڕای جیاواز، تا یارمەتیی کەسی بەرانبەر بدات.

لە هەمان کات نابێت پەیوەستی یەک ڕا و بۆچوونی دیارییکراوی بکەین، لەگەڵ هەموو ئەمانەدا گرنتەبەری شێوازێکی جوان و نایابی ئامۆژگارییکردن، بێ ئەوەی هەستی برینداربکرێت و لۆمەیبکەیت، چونکە کاتی ئەو قسانە بەسەرچووە و ئێستا لە دۆخێکدایە وتەکانی سەرزەنشتکردن یارمەتیی نادەن، ڕەنگە هەر بیپووکێننەوە. لەبەرئەوە لێرەدا پێویستە بیربهێنرێتەوە کە هەموو کێشەیەك لە کۆتاییدا چارەدەکرێت و سروشتی مرۆڤ وایە کە شتەکان زیاتر لە قەبارەی خۆیان گەورە دەکات، لە کاتێکدا خۆی لە ڕاستییدا لەوانەیە زۆر لەوە ساناتر بێت.

توێژینەوەکانیش دەریانخستووە کە ئامۆژگاریی بنیاتنەر چارەسەر و زانیاریی دروستی تێدایە و هاریکارییەکی زیاتری دەکات بەهۆی ئەو کاریگەرییەی هەیەتی و سەبارەت بە کرداری ڕاست پێویستە قەناعەتی پێبهێنرێت.

ئامۆژگارییش زۆر چاکترە لەوەی تەنیا یەك ڕای پێشکەشبکەیت، بەجۆرێک سەری لێبشێوێنێت لە نێوان کردن، یان نەکردنی کارەکەدا. لێرەش بەرپرسیارێتیی ئامۆژگارییکەر پەیدادەبێت، کە دەبێت لەوپەڕی ڕاستگۆییدا بێت، چونکە ئەو ئامۆژگارییانەی پێشکەشدەکرێن

لەوانەیە کەسی خاوەنبڕیار بگەیەنێتە تاقی ئاسمان، یان لەوانەشە بینێرێتەوە سەر ساجی عەلی.

ئامۆژگاریی ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە ئیسلامدا، چونکە کۆڵەکەی ئایینە. هەروەك حەزرەتی خۆشەویست (سەلامی خودای لەسەربێت) دەفەرمووێت: (ئایین بریتییە لە ئامۆژگارییکردن). لەبەرئەوە ئەمە لە کارە سەرەکیی و پیشە بنەڕەتییەکانی پێغەمبەرانە، پێغەمبەر (نووح)یش بە قەومەکەی فەرموو: (من پەیامەکانی پەروەرێنتان پێڕادەگەیەنم و ئامۆژگارییتان دەکەم و شتانێکیشم پێبەخشراوە لە لایەن پەروەردگار، کە ئێوە نایانزانن)، لەبەرئەوە ئامانجی پێغەمبەران بەرانبەر بە گەلەکانیان، بریتییە لە ئامۆژگارییکردن و عەرزکردنی ئەو مژارانەی پێویستیان بە ڕاوێژکردنە. هەروەك پەروەردگار فەرمانی پێکردوون. ئەو کەسانەش کە ڕاسپێردراون ئامۆژگاریی خەڵک بکەن، ئەوان جێنشینەکانی پەروەردگارن.

هەروەك حەسەنی بەسری (ڕەحمەتی خودای لێبێت) دەفەرمووێت: "پەروەردگار کەسانێکی هەن لە پێناو ئەودا ئامۆژگاریی بەندەکان دەکەن و مافەکانی خودا بەسەر بەندەکانەوە پێشانی خەڵك دەدەن، لەسەر زەویشدا ئامۆژگاریی خەلک دەکەن، بە ڕاستیی ئەمانە جێنشینانی پەروەردگارن، ئەمەش لە سیفەت و تایبەتمەندیی بڕوادارە ڕاستگۆیەکانە و موونافیقەکانیش ساختەچیی و فێڵبازن"

ئامۆژگاریی بەڵگەیەکی ڕاستە لەسەر خۆشەویستیی و ئاشنایی دڵەکان، چونکە مرۆڤ پێی خۆش نییە برایەکی، یان هاوڕێیەکی لە تەنگانەدا ببینێت. لەبەرئەوە ئەرکی سەرشانمانە لەپێناو خۆشەویستیی و برایەتیی ئامۆژگارییان بکەین و ڕێگەیان پیشانبدەین. هەروەك حاریسی موحاسەبی (ڕەحمەتی خودای لێبێت) دەفەرمووێت: "بزانە هەر کەسێك ئامۆژگاریی کردیت، ئەوا خۆشیویستوویت و هەر کەسێکیش دووڕوویی و قسەی باقوبریقی لەگەڵ کردیت، ئەوا فێڵی لێکردوویت، هەر کەسێکیش ئامۆژگارییەکانتی وەرنەگرت، ئەوا برات نییە"

دەبێت ئامۆژگاریی بەنهێنیی بێت، چونکە ئەگەر لە بەردەم خەڵك بوو، ئەوا ئابڕووتبردووە و کاردانەوەی ناپەسەندی لێ پەیدادەبێت، لەوانەشە ئەو ئامۆژگارییە وەرنەگیرێت. لەبەرئەوە وریابە ئامۆژگارییەکانت نهێنیی بێت و لە بەردەم خەڵك نەبێت.

**پوختەی قسان:**

هەرکەسێک براکەی بانگبکات و لە نێوان خۆیاندا هەڵەکانی بۆ چاکبکات، ئەوە ئامۆژگارییکردووە.

هەرکەسێکیش لە ناو خەڵکدا باسی براکەی بکات و هەڵەکانی پێبڵێت، ئەوە ئامۆژگاریی نییە و لەکەدارکردنە.

تکایە لە کاتی ئامۆژگارییکردندا جوانترین ڕەوشت پەیڕەوبکەن.

"بە تەنیا ئامۆژگاریم بکە،

خۆت بەدووربگرە لە ئامۆژگاریکردنم لەناو کۆمەڵێک کەسدا،

لەبەر ئەوەی ئامۆژگاریکردن لەناو خەڵکدا جۆرێکە

لە ترسان و هەڕەشە کە من حەز بە بیستنی ناکەم.

ئەگەر پێچەوانەی قسەی من بکەی و لە قسەم دەرچی

هیچ تووڕە مەبە ئەگەر هیچت بە گوێ نەکەم."

**ئیمامی شافعی**

## "جیاوازی زمانتان"

چیرۆکی ئافرەتێکی سپیپێست و پیاوێکی ڕەشپێست:

ئافرەتێکی سپیپێست لە کاتی گەشتکردنی لە فڕۆکەدا، لە تەنیشت پیاوێکی ڕەشپێست دادەنیشێت. زۆر لەوە بێزاردەبێت کە لە تەنیشت ئەو ڕەشپێستە دانیشتووە، لەبەرئەوە بانگی کارمەندی فڕۆکەکەی کرد و پێیگوتن:

- وادیارە تۆ نابینیت من لە چ بارودۆخێکدام! ئێوە منتان لە تەنیشت پیاوێکی ڕەشپێست داناوە. من ناتوانم قبوڵبکەم لە تەنیشت کەسێکی پیس دابنیشم، پێویستە ئێوە کورسییەکی ترم بۆ من دابینبکەن!

- کارمەندەکە گوتی: خانمەکەم ئارامبە، گشت کورسییەکانی ئەم پلەیە گیراون، بەڵام ئارخەیاننە من بە دوای کورسییەکی بەتاڵدا دەگەڕێم.

کارمەندەکە بۆ ماوەی چەند دەقەیەک ڕۆیشت و دواتر گەڕایەوە و بە ئافرەتەکەی گوت:

- خانمەکەم، هەروەک چۆن پێشووتر گوتبووم هیچ کورسێکی بەتاڵ لە پلەی گەشتیاریی نییە. لەبەرئەوە کاپتنم ئاگادارکردەوە و فەرموویان هیچ کورسییەکی بەتاڵ لە پلەی بازرگانانیش نییە. بەڵام کورسییەکی بەتاڵ لە پلەی یەکەمی نایاب هەیە.

بەرلەوەی ئافرەتەکە دەست بە قسەکردن بکات، کارمەندەکە بەردەوامبوو لە قسەکردن و گوتی:

- لە کۆمپانیاکەمان کارێکی ئاسایی نییە ڕێگە بە گەشتیارێک بدرێت لە پلەی گەشتیاریی بێت و لە پلەی یەکەمی نایاب دابنیشێت، بەڵام بەهۆی ئەو بارودۆخە تایبەتە کاپتن واهەستدەکات کە شیاو نییە ڕێگەبدەین کەسێکی پاک لە تەنیشت کەسێکی بۆگەنی وەکو ئێوە دابنیشێت، لەبەرئەوە کارمەندەکە سەیری پیاوە ڕەشپێستەکەی کرد و گوتی:

- بەڕێزەکەم، دەکرێت جانتاکەت بهێنیت و دوامبکەویت، چونکە کورسییەک لە پلەی یەکەمی نایاب چاوەڕێتە.

لەو ساتەدا، ئەو گەشتیارانەی لە سەرەتاوە ئاگاداری ئەم ڕووداوە بوون بە سەرسووڕمانەوە سەیری کارمەندەکەیان کرد و چەپڵەڕێزانیان کرد بەرانبەر ئەو وانە ناڕاستەوخۆیەی کە بە ئافرەتەکەی دا.

دوو چین لە کۆمەڵگا بوونی هەیە، چینی یەکەم: بریتییە لەو چینەی کە خاوەنی دەسەڵاتێکی زیاترە لە ڕووی یاسایی، یان شەرعیی لە چینی یەکەم. بەم شێوەیە مامەڵەی خراپ و هەڵسوکەوت و ڕێگەی جیاواز بەکاردەهێنرێت لە دژی چینی یەکەم، بۆ زەوتکردنی سادەترین مافیان. ئەمەش ناودەبرێت بە (ڕەگەزپەرستیی) کە کۆمەڵێک سیفەتی هەڵەن بەکاردەهێنرێن دژی چینی لاواز، کە جیاوازن لە ڕووی بیروبۆچوون و باوەڕەوە.

لەوانەیە ئەم هەڵوێست و ڕەگەزپەرستییە ببێتە هۆی سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆ لە نێوان ئەو دوو لایەنەدا و دەبێتە هۆی لەدەستدانی گیانی چەندین کەس، تەنیا بەهۆی نەبوونی هۆشیارییەوە، وەک جیاوازبوون لە ڕووی ئایین و مەزهەب و ڕەگەزەوە. ڕەگەزپەرستیی لە سەردەمانی کۆنەوە بوونی هەبووە، کە بووەتە هۆی لەناوچوونی گەل و سەرهەڵدانی چەندین جەنگ. هەمیشە چینی لاواز تووشی ناڕەحەتیی و جیاکاریی و داگیرکردن بوونەتەوە، تەنیا بەهۆی جیاوازبوون لە ڕووی ئایین و مەزهەب و ڕەگەز و ڕەنگ و جیاوازیی چینایەتیی لە کۆمەڵگەدا.

گەلانێکی زۆر بەهۆی ڕەگەزپەرستییەوە تووشی نەهامەتیی بوون، وەک ڕەگەزپەرستیی ئەڵمانیا بەرانبەر یەهود، کە مێژوو ئەو کارەساتەی بە نەمریی هێشتووەتەوە، کە لەسەر دەستی هیتلەر جینۆسایدی هۆلۆکۆست ئەنجامدرا. سەردەمێکدا کە یەهود لە ئەڵمانیا بەتایبەتیی و ئەورووپا بەگشتیی چەوساوە بوو. هەروەها ئەو ڕەگەزپەرستییەی کە دیکتاتۆری زایۆنی دژ بە فەڵەستینیەکان ئەنجامیدەدات لە داگیرکردنی زەوی و کرداری کوشتن و وێرانکردنیماڵەکان و کۆنترۆڵکردنی گەلی فەڵەستینی بە شێوەیەکی گشتیی. هەروەها چەوساندنەوەی ئەفریقیەکان کە لە هەموو جیهان ڕوودەدات بەهۆی جیاوازیی ڕەگەز و ڕەنگیان دووردەخرێنەوە و بە ناشیرنترین شێوە بەکاردەهێنرێن.

ڕەگەزپەرستیی جیاوازە و دەگۆڕێت، بەڵام ئێمە دەتوانین بۆ ئەم شێوازانەی خوارەوە دیارییانبکەین:

١_ جیاوازیی تاک: ئەو ڕەگەزپەرستییەیە کە دژ بە تاکێک ئەنجامدەدرێت لە زەوتکردنی ماف و یەکساننەبوون و نادادپەروەریی دژ بە بوونی ئەو کەسە خۆی دەبینێتەوە.

٢_ جیاوازیی دامەزراوەیی: ئەو دامەزراوانەن کە کار لەسەر جیاکاریی لە نێوان چینەکانی کۆمەڵگەدا دەکەن، بەم شێوەیە ماف و خۆشگوزەرانی بە چینێکی دیارییکراو دەبەخشێت، لەسەر حسابی چینەکەی تر.

١_جیاوازی یاسا: کە دەبێتە هۆی دروستبوونی ڕەگەزپەرستیی و چەوسانەوە. هەروەها چەند مافێک لەخۆدەگرێت، لەوانە: مافی کارکردن و خاوەنداریەتیی، ئەمەش لە ڕێگەی چەسپاندنی یاسای نادادپەروەرانە بەسەر چینێکی دیارییکراو لە کۆمەڵگەدا لە بەرژەوەندیی چینێکی تر. یەکسانیی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە یەکێکە لە پایەکانی هەستانەسەرپێی کۆمەڵگو و ڕۆشنبیربوونی.

چینایەتیی کاریگەریی لەسەر دەروون هەیە، بەجۆرێک دەبێتە هۆی بوونی ڕق و کینە و یەکریزیی و ئارامیی لەناودەبات. دواتر تێکشکان دەستپێدەکات کە دەبێتە هۆی لەناوبردن و جیابوونەوەی کۆمەڵگە. بەڵام ئیسلام چارەسەری ئەم کێشەیەی لەگەڵ خۆی هێناوە، کە هانی یەکسانیی دەدات لە نێوان تاکەکان و چینەکانی

کۆمەڵگەدا، چونکە هەموو کەس یەکسانە لە ئیسلامدا. هەروەک حەزرەتی ئازیزی دڵان (سەلامی خودای لەسەربێت) فەرموویەتی: (مرۆڤەکان یەکسانن وەک ددانەکانی شانە). ڕەشپێست هەمان بارودۆخ و ماف و ئەرکی هەیە وەک سپیپێست.

پرسیارێک بکەم، ئایا هیچ کەس سادەتر لە کارمەندی پارێزەری ژینگە هەیە؟

ئافرەتێک کە کاری پاککردنەوەی ژینگە بوو، هەر لەو کارەش بەردەوامبوو تا ئەو کاتەی کۆچی دواییکرد. موسڵمانان وەها بیریانکردەوە کە ئەو ئافرەتە شایەنی ئەوەی نییە کە هەواڵی مردنی بە ئازیزی دڵان (سەلامی خودای لەسەربێت) ڕابگەیەنن، لەبەرئەوە پێیان نەگوت. بەڵام کاتێک ئازیزمان زانی کە کۆچی دواییکردووە فەرمووی:

- بۆچی ئاگادارتان نەکردمەوە کە وەفاتیکردووە؟ سوڵتانی دڵان خۆی بەڕێکەوت بەرەو گۆڕی ئەو ژنە و نوێژی مردووی لەسەر کرد.

لەبەرئەوە ئەو کۆمەڵگەیانەی کە تاکەکانی لەسەر بنەمای چینی ڕەگەزپەرستیی ڕێز لە لاوازەکانی ناگیرێت و زوڵمیان بەرانبەر دەکرێت، زۆر قورسە گەشەبکەن. نازدارمان (سەلامی خودای

لەسەربێت) لەو ڕۆژەدا فەرمایشتە مەزنەکەی فەرمووː (هیچ عەرەبێک مافی زیاتر نییە لە کەسێک کە عەرەب نییە و هیچ سوورپێستێک باڵاتر نییە بەسەر ڕەشپێستێک، تەنیا بە تەقوا نەبێت).

ئێمە دەبێت لە ماڵەکانمانەوە بەرەنگاری ئەو دەردە ببینەوە، بەجۆرێک برایەک باڵاتر نەکەین بەسەر براکەی دیکەیدا و خێزانەکانمان باڵاتر نەکەین بەسەر دایکماندا و بە پێچەوانەوەش. هەروەها کارمەندێک باڵاتر نەکەین بەسەر کارمەندێکی دیکەدا.

لەبەرئەوە بەرەنگاربوونەوەی ڕەگەزپەرستیی بە یەکسانیی دەبێت، هەر لەبەرئەوەیە دەتوانین لە ڕێگەی چارەسەرکردنی ئەو کێشانە لە ناو خۆماندا، هەموو کۆمەڵگەش بەرەو چاککردن و پێشکەوتن ببەین.

## پوختەی قسان:

مالکۆم ئێکس دەڵێت: (ئەمریکا پێویستی بە تێگەیشتنی ئیسلام هەیە، چونکە ئیسلام تاقانە ئایینە کە چارەسەری کێشەی ڕەگەزپەرستیی دەکات. پێویستە ئێمە سەرەتا لە کێشەکانی خۆمان تێبگەین و هەوڵی چارەسەرکردنی بدەین. جگە لەمەیش پێویستە لە ناخی خۆمان و ماڵەکانمان دەست بە گۆڕانکاریی بکەین و بەرەنگاری ڕەگەزپەرستیی ببینەوە و تەنانەت ئەو وشەیە بەکارنەهێنین و گۆڕانکاریی بەگوێرەی توانا ئەنجامبدەین.

## ئافرەت و کۆمەڵگە

ئافرەت خاوەنی ڕۆڵێکی گرنگە هەر لە سەردەمی کۆنەوە تا سەردەمی ئێستا، بەهۆی بەشدارییکردنی لە بوارە جیاجیاکان و کۆمەڵگەدا، چونکە ئافرەت ئیلهامی ئەو شاعیرە هەستبەرزە بوو، کە وشەکانی کاریگەریی لەسەر دڵمان جێدەهێشت. ئافرەت ئەو شاژنە بوو کە لە کۆشکەکانەوە ڕۆڵی خۆی لە بەڕێوەبردنی گەلدا دەنواند. هەروەها ئەو جەنگاوەرە بوو، کە لە هێڵەکانی جەنگ بریندارانی تیمارەدەکرد و خواردنی بۆ ئامادەدەکردن. تەنانەت ئافرەت ئەو هونەرمەندە بوو، کە خاوەنی پەیامی هۆشیاریی بوو، کە پێشکەشی میللەتی دەکرد. تا ئێستاش ئافرەت لە سەردەمی کۆنەوە تا ئێستا ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕێت لە ئامادەکردن و سەرپەرشتییکردنی خێزان. هەروەها ئەرکی ئەوانە کە نەوەی داهاتوو پەروەردەبکات و بەرگەی ئازارەکانیان بگرێت، خزمەتی هاوسەرەکەی بە سەرکەوتووانە بکات. هەموو ئەمانە دەریدەخات کە ئافرەت چەمکێکی گرنگە لە کۆمەڵگەدا و ناکرێت بە کەم سەیریبکرێت. حافز ئیبراهیم دەربارەی دایک دەڵێت:

**"دایک وەکو قوتابخانەیە، ئەگەر نەوەیەک پێبگەیەنێت،**

**ئەوا گەلێکی تەندروست و ڕەنجبەر ئامادەدەکات".**

لەو ماوانەی کۆتاییدا بایەخێکی زۆر گەورە بە پێگە و بوونی ئافرەت درا لە کۆمەڵگادا، چونکە هاوشانی پیاوان بوون و لە بوارە جیاجیاکانی ژیاندا دەستی باڵایان لە دەرکردنی بڕیارەکاندا هەبوو. هەروەها کارکرا بۆ بەهێزکردنی پێگەی ئافرەت لە ڕێگەی ئەنجامدانی کۆنفرانس و کۆبوونەوەکان، بۆ زیادبوونی هوشیاریی و زانینی پێگەی ئافرەت لە کۆمەڵگەدا، بەو جۆرە ڕۆڵی ئافرەت لە کارکردندا زۆر بە گرنگ هاتە پێشەوە.

کارکردنی ئافرەت لە ڕێکخراو و دامودەزگا حکومییەکان ڕۆڵێکی بەرچاوی دەبێت لە بەرزکردنەوەی ئاستی بژێویی خێزاندا، کە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی پاڵەپەستۆ و داواکارییەکان کە خێزان پێویستە دابینیانبکات. هەروەها دەبێتە هۆی لەناوبردنی هەژاریی لە ناو چینە ماندووەکان و بەهۆی داواکارییەکانیانەوە چیتر نابێتە هۆی بارگرانیی بەسەر خێزانەوە، بەڵکوو دەبێتە هۆی قاییمترکردنی پێگەکەی خۆی.

هەروەها ڕۆڵی ئافرەت لە پەروەردەکردندا زۆر جێگەی بایەخە. دایک سەرچاوەی سەرپەرشتیی و بایەخدانە بە تاکەکانی خێزان، چونکە منداڵ لە سەرەتای تەمەنی پێویستی بە سەرپەرشتییکردن و خۆشەویستیی و بایەخپێدانێکی زۆر هەیە، لەبەرئەوە دایک نموونەی باڵای منداڵەکانیەتی و منداڵەکان دەتوانن ڕەوشتبەرزیی لە ژێر

چاودێریی دایکدا بەدەستبهێنن، کە مامۆستای یەکەم و سەرەکیی ئەوانە.

هەروەها پێگەی ئافرەت لە بواری سیاسییدا گرنگە سەرەڕای توانا و خوێندنی، بەڵام ئەو پێگە چالاکەی پێنەدراوە لە سیاسەتدا، لەبەرئەوە لە وەزارەت و پەرلەمان دەبینین ئافرەت ڕێژەیەکی کەم پێکدەهێنێت، وەک ئەوە وایە کە سیاسەت تەنها بۆ پیاوان بێت!

کاتێک ئایینی ئیسلام هات ڕێز و شکۆی بۆ ئافرەت گەڕاندەوە و مافی بە ئافرەت بەخشی و پلە و پایەی ئافرەتی بەرزکردەوە، هاوتایکرد لەگەڵ پیاو لە بەشی میرات و مافیدا. پاشان لە کاتی هاوسەرگیریدا مارەیی و پێشەکیی و دوایی پێببەخشرێت، ئەگەر لە کاتێکیش تەلاق ڕوویدا، مارەیی پێدەدرێت. کە مارەیی دوای هاوسەرگیرییە و تێچووی بۆ خۆی و منداڵاکانی وەردەگرێت. ئیسلام زیندەبەچاڵکردنی ئافرەتانی قەدەغەکرد، کە لە سەردەمی جاهلیی ئەنجامدەدرا. جا بەهۆی هەژاریی، یان ئەوەی کە ئافرەت هێمای سەرشۆڕییە. پەروەردگار دەربارەی ئەو کەسانەی کە دڵخۆش نابن بە هەواڵی لەدایکبوونی ئافرەت، دەفەرمووێت: (﴿وَإِذَا بُشِّرَ أَحَدُهُم بِالْأُنثَىٰ ظَلَّ وَجْهُهُ مُسْوَدًّا وَهُوَ كَظِيمٌ ﴿٥٨﴾﴾:

واتە: (( کاتێک مزگێنی بە یەکێک لەوانە بدرێت کە منداڵێکی کچیان بووە، ئەوا ڕوویان بەیەکدا دەدەن و ڕەش دەکەن، ڕقیان هەڵدەستێ.))

خودای گەورە سەرجەم ئەو داب و نەریتە قێزەونانەی قەدەغەکرد و شکۆ و پێگەی لە کۆمەڵگادا بۆ گەڕاندەوە. هەروەها کاتێک ئافرەت دەگاتە تەمەنی پێگەیشتن دەتوانێت خۆی بڕیاربدات. جیا لەمانەیش کاتێک هاوسەرگیریی دەکات زۆر مافی لەسەر هاوسەرەکەی دەبێت. هەروەها باوک دەبێت تێچووی کچەکەی هەڵبگرێت ئەگەر پێویستیکرد. لەبەرئەوە سوڵتانی دڵان (سەلامی خودای لەسەربێت) دەفەرمووێت: (بە ڕاستیی ئافرەتان هاوتان لەگەڵ پیاوان). ئەمەش واتای ئەوەیە ئافرەتان لە ڕووی هێز و پێگەوە لەگەڵ پیاواندا یەکسانن. پاشان ئازیزی دڵان لە کۆتا گوتاریدا وەسیەتی چاکەی بە ئافرەتان کردووە و فەرموویەتی: (وەسیەتتان دەکەم لەگەڵ ئافرەتان باش مامەڵەبکەن). جگە لەمەیش سزایەکی قورس چاوەڕێی ئەو کەسانە دەکات کە بوختان بەرانبەر ئافرەتێکی داوێنپاک دەکەن و شایەتییان هەرگیز قبوڵ ناکرێت. ئیسلام ڕێزی بە ئافرەت بەخشیوە کاتێک لەگەڵ هاوسەرەکەی ئاسوودە نەبوو و لێی ڕازی نەبوو، ئەوا دەتوانێت بە تەڵاق جێیبهێڵێت. هەروەها ئیسلام جیابوونەوە لە ئافرەت لە کاتی سووڕی مانگانەیدا قەدەغەکردووە، چونکە ئافرەت لەو کاتەدا بە بارودۆخێکی سەخت و ناهەمواردا تێدەپەڕێت و لە ڕووی دەروونیی و جەستەییەوە لاوازدەبێت. لەبەرئەوە زۆرێک لە ئایەتەکانی قورئان و فەرموودەکان پێگەی ئافرەت بەرزدەنرخێن و مافی تەواوی پێدەبەخشن و ئەرکەکانی ئافرەتیان ڕوونکردووەتەوە، کە لە هەموو

شتێکدا لەگەڵ پیاوان هاوتایە. بەڵام بەداخەوە هەندێك لە پیاوان پێگەی ئافرەت لە کۆمەڵگە و خێزان بە لاواز دادەنێن، بەڕادەیەک کە شەرم لە ناویان دەکەن و بە نازناوێکی تر ناویان دەهێنن. سەرەڕای ئەمانەیش ئازادییان لە کارکردن و ژیانێکی خۆش زەوتکردووە. زۆرێک لەو کێشانەی کە ئافرەت لە کۆمەڵگەی ئەمڕۆدا تووشیدەبێت، دەتوانرێت چارەسەربکرێت بە پەروەردەی دروست و گەورەبوونیان لەسەر بنەما و مامەڵەکردنی بەڕێزانە. هەروەها چاودێرییکردن و فێرکردنیان کە خراپە لە باشە جیابکەنەوە و یارمەتییدانیان تا کێشەکانیان چارەسەربکرێت، جا بە هەر شێوازێک بێت.

## پوختەی قسان:

چ کاتێک دەتوانین ئافرەتی بەهێز و پشتبەخۆبەستوو پەروەردەبکەین؟ هەر کاتێک کە خێزانێکی سەرکەوتوو لە ژیان هاتەکایەوە. چونکە ئافرەت پایەی خێزان و چەمکی سەرەکیی کۆمەڵگایە، لەبەرئەوە هەر کاتێک کۆمەڵگایەکی بەهێز و پێشکەوتوو دروستبوو، ئەوا ئافرەتی بەهێز و سەرکەوتوو دێتەبەرهەم.

## دادپەروەریی بناغەی پاشایە

ئافرەتێک هاتە لای حەزرەتی داود (سەلامی خودای لەسەربێت) ٥٨ گوتی:

- ئەی پەیامبەری خودا، پەروەردگاری تۆ ستەمکارە، یان دادپەروەر؟

- داود فەرمووی: وسبە ئەی ئافرەت! پەروەرێن ئەو دادپەروەرەیە کە هەرگیز زوڵم و ستەم لە کەس ناکات. دەی پێمبڵێ چی ڕوویداوە؟

- ئافرەتەکە گوتی: قوربان، من بێوەژنێکم (٣) کیژۆڵەم هەیە، بە کرێی تەشییرستن بەخێویاندەکەم. بەڵام دوێنێ ئێوارە چنراوەکەم خستە ناو پەشتەماڵێکی سوور و ویستم بڕۆمە بازار و بیفرۆشم و بە پارەکەی منداڵەکانمی پێ تێربکەم، کەچی باڵندەیەک هات و پەشتەماڵەکە و چنراوەکەی برد و لێیدا ڕۆیشت. منیش بە دڵتەنگیی دانیشتم و هیچم نەبوو منداڵەکانمی پێ تێربکەم و کەوتمە سەر ساجی عەلی!

لەو گفتوگۆیەدا بوون، لەناکاو لە دەرگای کۆشکی حەزرەتی داودیان دا و ئیزنی هاتنەژووریان خواست.

کاتێك تەشریفیانهێنا (١٠) بازرگان بوون و هاتنەژوور، هەریەکەیان (١٠٠) دیناریان بەدەستەوەبوو، گوتیان:

- ئەی پەیامبەری ئازیزی خودا، ئەو پارەیە ببەخشە بە کەسانی شایستە.

- حەزرەتی داود پێیفەرموون: دەکرێت هۆکاری ئەو بەخشینەتان بزانم؟

- گوتیان: ئەی پەیامبەری ئازیزی خودا، ئێمە لە کەشتییەکدا بووین، زریانێکی زۆر بەهێز هەڵیکرد و چارۆکەکەی عەیبدارکرد، بەجۆرێک خەریکبوو نغرۆببین. لەو کەین و بەینەدا باڵندەیەکی فریشتەئاسامان لێپەیدابوو، پەشتەماڵێکی سوور و کۆمەڵە دەزوویەکی بۆ هەڵداین، ئێمەش عەیبی چارۆکەکەمان چارەسەرکرد. پاشان بایەکەش ئارامبوویەوە. لەبەرئەوە هەمووومان نەزرمانکرد کە هەریەکمان (١٠٠) دینار ببەخشین. جا ئەم پارەیەی لەژێر دەستتدایە بیبەخشە بە کەسێك کە خۆت دەتەوێت. پاشان حەزرەتی داود (سەلامی خودای لێبێت) ئاوڕیدایەوە بە لای ئافرەتەکەوە و پێیفەرموو: - بینیت پەروەردگار بازرگانیت بۆ دەکات لە وشکانیی و دەریادا، کەچی تۆ دەیکەیتە زاڵم!

پاشان هەزار دینارەکەی پێدا و فەرمووی:

- ئێستا بڕۆ بۆ منداڵەکانت خەرجیبکە.

دادپەروەریی بە یەکێك لە دەستەواژە ئەخلاقیی و سیاسییەکان هەژماردەکرێت. بنچینە و بناغەی ئەو وشەیە لاتینییە، بە واتایی ماف و یاسا دێت. بەڵام فەیلەسوفەکان بۆچوونیان وایە کە وشەی "دادپەروەریی" فەزیلەتی ئەخلاقی کەسییە لە خاسیەتە داواکراوەکانی کۆمەڵگەیە، کە لەسەر بنەماکانی سیاسیی دامەزرابێت. هەر لە دێرزەمانەوە دەستەواژەی "دادپەروەریی" لە کۆندا بۆ دابەشکردنی ماڵ و سامان بە شێوەیەکی "یەکسان" بەکاردەبرا، یان بۆ تۆڵەسەندنەوە لە کەسی تاوانبار کە بەهۆی کوشتن، دزیی، ڕەفتاری دزێو بە کەلتوور و عادات تۆمەتبارکرابوو، بەکاردەبرا. ئەمە بەهەمان شێوە بۆ ئەو کەسەی کە ناوبژیوانی کێشەی خەڵکی دەکرد و بە ئاشتییانە کێشەکانیان چارەدەکرد، بەکاردەهێنرا. دادپەروەریی لەو چەمکانە دادەنرێت کە پێویستە لەهەر وڵاتێکی پێشکەوتوو و خاوەن شارستانیی هەبن و کاریان لەسەر بکرێت.

بێگومان پەیوەندیی {دادپەروەریی} لەگەڵ {مافەکان} پەیوەندییەکی پتەو و بەهێزە، چونکە لەو وڵاتانەی کە خاوەنی دادپەروەریین، ڕێزی تەواوی مرۆڤەکان دەگیرێت و مافەکانیان دەستەبەردەکرێت. ئینجا ئەو مافانە سروشتیی بن وەک ئازادیی ژیان و مافەکانی ژیانکردن، یان تەواوی مافە کەسیەکانیی، وەک ئازادیی پەرستش، ئازادیی کەسیی، دەدپەروەریی تەنها لە دەوڵەت و دامەزراوە حکومییەکان و دەزگا پەیوەنییدارەکانی وەک (دادگا)وە نییە، بەڵکو پەیوەندیی بە باوک و دادپەروەرییەتییەکەی هەیە لە نێوان

خێزان و منداڵەکانیدا. بریتییە لە جیاوازییینەکردن لە نێوان برایەک و برایەکانی تر، یان خوشک لە خوشکەکانی تریان، یان دایک جیاوازیی لە نێوان منداڵەکانیدا نەکات. چەند گوێمان لە چیرۆک و بەسەرهاتی لەم شێوەیە بووە دایک گرینگیی زیاتری بە سێ لە منداڵەکانی داوە، ئەمە بووەتە هۆی تورەبوونی ئەوانی تر.

بێگومان جیاوازیی و ڕەگەزپەرستیی و نەبوونی دادپەروەریی بناغەی ئاگری ئاکۆکیی و تورەبوون و ڕق لە نێوان ئەندامەکانی کۆمەڵگەدا هەڵدەگیرسێنێت.

لەسەردەمی نەفامییدا {دادپەروەریی} جێگەی خۆی بۆ دەوڵەمەندان کردبوویەوە بۆ لای ئەوان دەشکایەوە، هەژارەکانیش لە پێشتردا مافەکانیان لێسەنرابوو، مافەکانیان پێنەدراوە. هەموو ئەو پارەی هەیانبوو لێیان زەوتدەکرا ئەگەرچی پێشیان ناخۆش بایە. هیچ چارەیەکیان نەبوو، ئەمە بەردەوامبوو تا هاتنی سەر دەمی ئیسلام. ئیسلام {دادپەروەریی} کردە میزان و پێوانەیەک، هەمووانی ناچارکرد پێیەوە پەیوەستبن و بەگوێرەی خزمەتەکان بجووڵێن، مافەکانیان بەگوێرەی ئەو پێوانەیە وەربگرن. نە زیاد، نە کەمتر.

پەروەردگار دەفەرموێ: {أن الله يامر بالعدل} واتە: (( خوای پەروەردگار فەرمان بە دادپەروەریی دەکات.)) لەو ئایەتە فرمانێک بوو ئاشکرا لە لایەن پەروەردگار بۆ پەیوەستبوون بە {دادپەروەریی} و هەڵسەنگاندنی لە نێوان خەڵکی دەبینرێت.

لە خاسیەتەکانی {دادپەروەریی} لە ئیسلامدا ئەوەیە لە ژێر کاریگەریی {هەست و سۆز و ماڵ و سامان و کەس و کەسایەتییەکان نییە}.

مێژووی ئیسلام گەواهیدەری چەندین نموونەی زیندووی ئەو باسەیە، لەوانە بەسەرهاتی ئەو کەلوپەلانەی کە لە سەردەمی پێغەمبەر (سەلامی خودای لەسەربێت) دزرابوون. هەوڵ هەبوو بەهۆی واسطە لە ناوەندی تاوانباران خۆشبن، بەڵام ئازیزی دڵان (سەلامی خودای لەسەربێت) هەڵستاو وتارێکی فەرموو.

فەرمووی: ئەوەی پێش ئێوەی لەناوبرد ئەوەبوو ئەگەر یەکێك ناسراو و پلەدار و ڕێزدار دزییبکردایە وازی لێدەهێنرا، ئەگەر لاواز و کەسێکی هەژار نەبوو دزییبکردایە، سزای لەسەر جێبەجێدەکرا. سوێند بەوەی گیانی موحەممەدی بەدەستە، ئەگەر فاتیمەی کچی موحەممەد دزییبکات، دەستی دەبڕم.

هەر لە تایبەتمەندییەکانی {دادپەروەریی} ئەوەیە کە پلەی خاوەنەکەی بەرزدەکاتەوە. دەدپەرەران لە بڕیارەکانیاندا لە خوداوە نزیکن و لە ڕێزگیراوانن.

## پوختەی قسان:

دادپەروەریی و یەکسانی تایبەت نییە بە چینێکی دیاریکراو لە گەلێک، کە تەنیا ئەو کۆمەڵەیە سودمەندبن لێی و، تاکەکانی تر لەژێر ڕکێفی زوڵم و نادادپەروەریدا بن. دادپەروەریی سادەترین مافە کە گەلی خاوەن شارستانی داوای بکا و ئازادییەکانی تێدا بەرجەستە بکات.

## پڕوپاگەندە و سووتەمەنیی

پڕوپاگەندە وشەیەکە بە واتای بڵاوکردنەوەی زانیاریی بە شێوەیەکی ڕێکخراو دێت. لە ڕێگەی چەندان هۆکار وەک ڕاگەیاندن بە هەموو جۆرەکانییەوە وەک گۆڤار و ڕۆژنامە و تەلەفزیۆن و دەزگاهەواڵگرییەکان و جگە لەوانەیش، ئامانجێکی دیارییکراوی هەیە لە کارکردن لەسەر بیروڕا و ڕەوشتی تاکەکان بە ئەوپەڕی شێوە کە دەگونجێت.

لە کۆندا ڕیکلام (پڕوپاگەندە) تەنها لە بواری سیاسەتی ناوخۆدا بەکاردەهێندرا بۆ ڕازیکردنی ڕکابەرە سیاسیی و فەلسەفیی و بیرمەندەکان بە ڕاوبۆچوونەکانی وڵات و کۆنترۆڵکردنیان لە ڕێگەی بیرێکی دیارییکراو، کە دەسەڵات بڵاویدەکاتەوە.

لە سیاسەتی دەرەکییشدا وێنەیەکی ناشرینی دوژمن دروستدەکات و لەپێناو یەکخستنی گەلدا هێرشیدەکاتەسەر. دواخستنی زۆرێک لە داواکارییەکانی گەل لەپێناو جێبەجێکردنی و ڕێپێدان بە ئیمپراتۆرییەتەکان بۆ زیادکردنی سنوور و دەسەڵاتیان.

لەسەردەمی نوێشدا دەستەواژەی پڕوپاگەندە لە جەنگی (٣٠٠) ساڵەی ئەورووپا کە لە ساڵەکانی ١٦١٨ تا ١٩٦٤ لە دژی بڵاوبوونەوەی بیرەکانی مارتن لۆسەر بەکاردەهات، لیژنەیەک لە

کڵێسا پێکهێندرا بۆ پڕوپاگەندەکردن. لەو کاتەی شۆڕشی فەڕەنسا هەڵگیرسا ڕۆژنامەگەریی کاریگەرییەکی باڵای هەبوو بەسەر خەڵکیدا، ئەمەش بووە پاڵنەرێک بۆ سیاسییەکان تا وەک ئامرازێکی گرنگ لە دژایەتییە سیاسییەکەیان بەکاریبهێنن.

لە جەنگی جیهانی یەکەمدا سەرۆکی ئەمریکا کۆمەڵێک کەسی بۆ پڕوپاگەندەکردن پێکهێنا، تا هانی گەلی ئەمریکیی دژی ئەڵمانییەکان بدەن. بەهەمان شێوە شیوعییەکانیش جیاوازییان لە نێوان ڕێکلام و هانداندا نەدەکرد، تا کردیانە ئامرازێک بۆ تێکشاندنی بیری بۆرژوازییەکان (ئەوانەی کە دژیان بوون).

پڕوپاگەندە پشت بە زانیاریی هەڵە و درۆ دەبەستێت، تا کاربکاتە سەر هەست و سۆزی گەل لە بری بیرکردنەوەیەکی عاقڵانە. ئامانجیش لێی گۆڕانکاریی پڕێنسیپ و تێگەیشتنەکانی گەلە، لەگەڵ جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتەی دەیانەوێت بەرانبەر گەل ئەنجامیبدەن.

بۆ نموونە: کاتێک حکومەت دەیەوێت بڕیارێک بدات بەبێ ئەوەی هیچ هەراوهوریایەکی ڕاگەیاندن دروستببێت، یان گەل ئاگاداری بڕیارەکە نەبێت، دەستدەکات بە بەرزکردنەوەی نرخی سووتەمەنیی. " بەرزکردنەوەی نرخی سووتەمەنیی تاکەشتە کە حکومەتی هەموو وڵاتان دەزانن بیکەن".

ئەم هەواڵە دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی هەراوهۆریا لە وڵات، هەموو خەڵکی بۆ ماوەی یەک هەفتە سەرقاڵی ئەم هەواڵە دەبن. هەواڵەکان بەردەوام باسی بەرزبوونەوەی نرخی سووتەمەنیی دەکەن. لێرەدا پڕوپاگەندەکە دەستپێدەکات، هەموو دەزگا ڕاگەیاندنەکان تیشکدەخەنە سەر ئەو باسە، حکومەتیش ئەم هەلە دەقۆزێتەوە و بڕیارە چارەنووسزاکەکان دەردەکات کە دەیەوێت. بۆ نموونە: هەموارکردنەوەی دەستوور، یان پەردەپۆشکردنی ئابڕووچوونی بەرپرسێک، یان گرێبەستێکی شاراوە، زۆرێک لە شتانەی تریش کە نایەوێت گەل بیزانێت.

"گەورەترین تاوان کە حکومەتەکان دەیکەن، بەکەمسەیرکردن و یارییکردنە بە داهاتووی گەلەکەی".

لە پاشان حکومەت هەڵدەستێت بە دابەزاندنی نرخی سووتەمەنیی، گەلیش چەپڵەی بۆ لێدەدا لەهەنبەر ئەو خزمەتگوزارییە چاکەی پێشکەشیکردوون. هەموو شتەکان بەم جۆرە ڕوودەدەن، ئەم کردارە لە گەلانی عەرەبیی و بیانییەکانیش ڕوودەدات. بەداخەوە نەبوونی ژیرییەکی تەواوی گەلە وادەکات سیاسییەکان یارییمان پێبکەن.

بۆ ئەوە دژی ئەم نەخۆشییە پیسەی پڕوپاگەندە ببینەوە، پێویستە لەسەرمان ژیریی لای تاکەکانی گەل زیادبکەین و کاربکەین بۆ بنیاتنانی دەزگایەکی هەواڵ، کە سەر بە هیچ لایەنێک نەبێت تا سوود لە هەواڵە درۆیینەکان ببینێت. زیادکردنی ئاستی گەڕان و

بەدواداچوون و ڕۆشبیریی لای تاکەکانی وڵات، خوێندنەوە هەواڵە جیهانییەکان، گوشارە ڕاگەیاندنییەکان و گوێدانە دەنگە بەرزەکانی لا بەس نەبێت، بەڵکوو دژی ئەو هەواڵانە بووەستێتەوە بۆ دیارخستنی ڕاستیی و بێدەنگنەبوون لە چەواشەکاریی و ڕەفتارە هەڵەکان، پاڵپشتییکردنی سیاسییە شەرەفمەندەکان، ئەوانەی بەپێی توانا هەوڵدەدەن دژی گەندەڵکاران بووەستنەوە.

**پوختەی قسان:**

گاڵتەکردن و یاریکردن بە عەقڵی تاکەکانی کۆمەڵگا تاوانێکە لێخۆشبوونی نییە، ئەو تاوانە لە خراپی هیچی لە تیرۆر کەمتر نییە.

ئەگەر ڕۆژێک گەلێک ئازادی بوێ

پێویستە کە وەڵامی قەدەرەکان بداتەوە

پێویستە خۆی ئاشکرا بکا

پێویستە کۆت و بەندەکان بشکێنێ

**ئەبولقاسم الشابی**

فیتنه ئەندازەیی ئارامگرییی و خۆگریته لەسەر حەق مانەوە و دوورکەوتنەوە له شته پووچەکان، ئەمه لەسەر دەمێکدا که هەموو پێوەرەکان تێکچوون، حەق له لای تەرازووی زەرەرمەندانه.

## عەقاد و شەکوکو

ڕۆژنامەنووسێک پرسیاری لە نووسەری مەزن "عەباس عەقاد" کرد: کامیان لە ئێوە بەناوبانگترە، تۆ، یان مەحمود شەکوکو؟

- عەقاد بە واقوڕمانەوە گوتی: شەکوکو کێیە؟

کاتێک ڕۆژنامەنووس ئەو قسانەی عەقادی بە شەکوکو گەیاند، شەکوکو گوتی:

- بڕۆ بۆ لای عەقاد و پێیبڵێ: با بێت لەسەر شۆستەکانی گۆڕەپانی ئازادیی بووەستێت، منیش لە بەرانبەریدا لە شۆستەکەی ئەوبەر دەوەستم. با ببینین بزانین خەڵک لە لای کاممان زیاتر کۆدەبێتەوە".

کاتێک ڕۆژنامەنووس ئەم وەڵامەی شەکوکوی بە عەقاد گەیاند، عەقاد لە وەڵامدا گوتی:

- بڕۆ بە شەکوکو بڵێ، لەسەر شۆستەی گۆڕەپانی ئازادیی بووەستێت، هەروەها سەماکەرێک بهێنێت کە پۆشاکی سەمای لەبەردابێت و لە بەرانبەریدا بێت، ئەو کات دەزانین خەڵک لە کامیان زیاتر کۆدەبێتەوە.

گرنگ نییە چەند کەس چەپڵەت بۆ لێدەدات و ناوتدەهێنێت، بەڵکوو گرنگ ئەوەیە تۆ چ هەژمارێک بۆ کۆمەڵگە زیاددەکەیت. بەم شێوەیە عەقاد بۆ هەمیشە لە بیر و هزری خەڵکدا مایەوە و بەردەوامبوون لە خوێندنەوەی کتێبەکانی و سوودیان لە ئەدەب و عەقاد بینی.

دوابەدوای پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و بڵاوبوونەوەی، کۆمەڵێک لە تاکەکانی کۆمەڵگە بەتایبەتیی گەنجان تووشی نەخۆشیی حەزبەناوداربوونیان کرد. ئەم نەخۆشییە بە خێراییەکی زۆر بڵاوبووەوە، بەتایبەتیی دوای ئەو بڵاوبوونەوە گەورەی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بەدەستیهێنا لە جیهان و بە دیارییکراوی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا. ئێستا هەر کەسێک هەژماری لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان نەبێت، ئەوا لە لای هاورێیانی بە "دواکەوتوو" ناودەبرێت.

لەوانەیە ناوبانگ بێتە کار و بنچینە و زانیاریی هەندێك کەس و کۆنترۆڵیانبکات و لەوانەیە هەندێك کەس حاڵیان بگاتە ئەوەی کە تەنها هەوڵبدەن لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان زۆرترین بینەر و دواکەوتە و لایک کۆبکەنەوە، بەبێ ئەوەی هیچ بەهرەیەک و ناوەڕۆکێکی دیارییکراویان هەبێت.

توێژینەوەکان سەلماندوویانە کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بیر لەوە دەکەنەوە کە لایک نەهێڵن، لەبەر ئەو کاریگەرییە دەروونییەی کە لەسەر بەکارهێنەران هەیە، بەهۆی وابەستەبوون و خۆشەویستییان بۆ لایک. هەروەها بەرپرسانی ئەم تۆڕانە گوتویانە: "بڵاوکردنەوەی ساتە خۆشەکانتان زۆر گرنگترە لە زۆریی لایکەکانتان."

زۆریی و نەبوونی لایک نابێتە هۆی دەوڵەمەندیی و هەژاریی. هەروەها بارودۆخی هەندێك کەس گەیشتە ئەوەی کە هەوڵبدەن زوو بە پلیکانەکانی ناوبانگ سەربکەون، لە ڕێگەی قسە و ئەنجامدانی هەندێك کار کە لە دابونەریتی ئێمەدا نییە.

ئەو کاتەی کە حاجییەکان بە دەوری کەعبەی پیرۆزدا دەسووڕێنەوە و ئاو لە بیری زمزم دەردەهێنن، پیاوێکی عەرەب جلەکانی دادەنێت و دواتر میز لە بیری زمزم دەکات و خەڵک بە سەرسوڕمانەوە سەیریدەکەن! تا ئەوەی دەکەونە سەری و لێیدەدەن تا نزیکی مردن، بەڵام پاسەوانانی کەعبە هاتن و ڕزگاریانکرد و بردیان بۆ لای شازادەی مەککە و پێیگوت: - خودا ڕووت ڕەشبکات، بۆ ئەم کارەت کرد؟!

- پیاوەکە گوتی: بۆ ئەوەی خەڵک من بناسێت و بڵێن ئەمە ئەو کەسەیە کە میزی لە بیری زمزم کرد!

هەوڵدان بۆ ئەوەی بە هەر نرخێک بێت بەناوبانگ ببیت ئارەزوویەکی خراپە، دەبینیت کەسێک لە پرۆگرامێکی تەلەفزیۆنیی، یان

چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانیی ئامادەیە لە بازنەی دابونەریتی باو بچێتەدەرەوە و دین ناشیرنبکات. هەروەها هەوڵی ئەوە دەدات کە لە کەسایەتیی خۆی بچێتەدەرەوە و هەندێك لێدوان بدات کە درک بە سزاکەی لەسەر خۆی و کۆمەڵگە ناکات. ئەم چەشنە کەسانە خەڵک بۆ ماوەیەکی کەم دەیانناسێت و دوای ماوەیەک هیچ کەس بیر لەو کەسانە ناکاتەوە. لە بەرانبەردا شتە جوانەکان بۆ هەمیشە دەمێننەوە و شتە خراپەکان (ناشیرنەکان) لە بیردەکرێن و تەنها شەرمەزارییان بۆ دەمێنێتەوە.

خۆشەویستیی خەڵک بۆ تۆ شتێکی خۆڕسکە و پێویستە ئەو خۆشەویستییە بەهۆی بیرکردنەوەت بەدەستبهێنیت، لەبەرئەوە پێویستە بیرکردنەوەت بەهاداربێت، دوور لە خۆبەزلزانیی و بێبەهایی بێت، چونکە خەڵک خۆشیانویستوویت و شوێنتکەوتوون لەسەر بنەمای کەسایەتیی و ڕەوشتت، هەرچەند ژمارەی شوێنکەوتەکانت بێت خەڵک تۆ وەک ڕابەرێکی چاک دەبینێت، لەبەرئەوە بێهیوایان مەکە، لاسایی چۆنیەتیی قسەکردن و پۆشینی جلوبەرگ و تەنانەت چۆنیەتیی نوسینت دەکەنەوە. بیر لەوە بکەوە چ ڕوودەدات کاتێک گەنجێک لاسایی تۆ دەکاتەوە و شوێنتدەکەوێت کاتێک تۆ بیرۆکەکەت بێبەهایە!

ماوەیەک لەمەوبەر دوو گەنج هاتنە لام و یەکێکیان گوتی:

- هەوڵیداوە کە یەکێک لە جووڵە مەترسییدارەکانی ئەکتەرێکی بەناوبانگ لاساییبکاتەوە، بەڵام بەهۆی جووڵە هەڵەکانیە تووشی شکان بووە.

- دووەم گەنج گوتی: لاسایی نووسەرێکی کردووەتەوە لە چۆنیەتیی نووسیندا، چونکە بە نووسەرەکە سەرسامبووە.

زۆرێک لە گەنجان بە زۆر شتی نامۆ و دوور لە دووبارە پەلکێشدەبن و هەوڵدەدەن کە لاساییبکەنەوە.

لەبەرئەوە پێویستە لەسەرمان کە بایەخ بە تەمەنی بینەر و شوێنکەوتەکانمان بدەین لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، چونکە هەموو بابەتێک گونجاو نییە بۆ بڵاوکردنەوە. هەروەها وشە کاریگەرییەکی بەهێزی هەیە، هەندێك کات تەنها وشەیەک دەتوانێت ژیانی گەنجێک بەتەواویی بگۆڕێت.

بیرۆکە، دۆسیە، یان ئەو کێشە و گرفتانەی کە زۆر ڕووبەڕووی تاکی کۆمەڵگە دەبێتەوە، چارەسەریان بۆ بدۆزەوە و پێشکەشی تاکی بکە، چونکە هەر وەک چۆن پێشووتر باسمانکرد شوێنکەوتەکان خۆشیاندەوێت و گوێدەگرن بۆ هەر ئامۆژگارییەک کە پێشکەشیاندەکەیت، کە لەوانەیە ببێتە هۆی گۆڕانی ژیانیان، کەواتە ڕابەرێکی باشبن تا خەڵک وەک ڕابەری خۆیان سەیرتبکەن.

## پوختەی قسەکان:

حیکمەتێک هەیە دەڵێت: "هیچ کارێک نابێتە هۆی ڕزگاربوونمان لە گرفتەکان وەک ئەو کارە چاکانەی کە ئەنجامیدەدەین." کەواتە خۆشەویستیی و چاکە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوبکەنەوە، بۆ ئەوەی لە هەموو کۆمەڵگەدا بڵاوببێتەوە و گۆڕانکاریی دروستبکات.

## پاڵەوانە بەهێزەکان

خێزان کۆڵەکە و پایەی کۆمەڵگەیە و سەرکەوتن و شکستی کۆمەڵگە بە خێزانەوە بەندە. خێزان کاریگەریی هەیە لەسەر مێژووی کۆمەڵگە و گەشەسەندنی و دروستکردنی داهاتوو. خێزان "کۆمەڵە کەسانێکن کە لە ماڵێک بەیەکەوە دەژین و هەست و سۆز و پەیوەندیی دیارییکراو بە یەکتریانەوە دەبەستێتەوە و جیایاندەکاتەوە لە کۆمەڵەی تر".

پەروەردەکردن و دروستکردنی بناغە بۆ منداڵان ئەرکی دایک و باوکە، کە لێرەدا ڕۆڵێکی گرنگ لە دروستکردنی خێزاندا دەبینن، چونکە هەر ئەوانن کە بەرپرسیارێتیی بەخێوکردن و پەروەردەکردنی نەوەی داهاتوو و فێرکردنی بەها و ڕەوشتە بەرزەکان و ڕێنموونییکردنیان بەرەو ڕێگەی دروست و بەڕێوەبردنی خێزان دەکەوێتە ئەستۆ، لێرەوە بەرپرسیارێتیی دایک و باوک لە ڕووی پەروەردە و فێرکردن و ئاگاداربوون لە منداڵەکانیان دەستپێدەکات.

ئەم بەرپرسیارێتییە کاتێکی زۆر دەخایەنێت و دایک و باوک ماندوودەکات، دەبینیت باوک کاردەکات تا ئاسوودەیی بۆ

خێزانەکەی فەراهەمبکات. هەروەها دەبینیت دایک کەمتەرخەم دەبێت لە ئاست خۆی تا منداڵەکانی ئاسوودەبێت، دەتوانین بەم شێوەیە پێناسەی خێزان بکەین: "لانە گەرمەکەی منداڵان". هەر کاتێک باوک توانی پێداویستییەکانی خێزان دابینبکات، ئەوا دەرئەنجام و سەرکەوتنیان زۆر باشتر دەبێت. بەرپرسیارێتیی دایک و باوک زۆرە، ئەگەر ئێمە تەنیا خەیاڵبکەین کە لە ڕۆژێکدا چ کارێک دەکەن بۆ منداڵەکانیان دەبینین کە چەند سەختیی دەکێشن بە خاتری منداڵەکانیان. دەتوانین بڵێین دایک و باوک ئەو پاڵەوانانەن کە ئێمە بە بچووکی لە تەلەفزیۆن سەیرماندەکردن، چونکە هەر کەسێک ئەم هەموو کارەبکات لە پێناو بنەماڵەکەیدا" ئەوا لە چاوی هەموویاندا پاڵەوانە.

بەڵام بەداخەوە هەندێك لە منداڵەکان لە دایک و باوکی ڕازی نییە، بەجۆرێک کە ڕەفتارە ناشیرنەکانیان دەگاتە ئاستی گوێڕایەڵییەنەکردن و خۆهەڵقورتاندن لە بڕیارەکانی دایک و باوک. ئێمەی مرۆڤ سیفەتی پەشیمانییمان هەیە، بەداخەوە ئێمەش پەشیمان نابین تەنها دوای ئەوەی کات زۆر درەنگ دەبێت. هەندێك کەس دەبینیت کە دایک و باوکی لە ژیاندا بوون فەرامۆشیدەکردن و دوای لەدەستدانی دایک و باوکی زۆر پەشیماندەبوو، چونکە نەیتوانیوە کە کات لەگەڵ ئەوان بەسەربەرێت.

حیکمەتێک سەرنجی ڕاکێشام و دەڵێت: "دەنگی دایک و باوکت تۆماربکە لە مۆبایلەکەت... و مەپرسە بۆچی". بەداخەوە زۆرێک لە منداڵان چاکەی دایک و باوکیان بەسەریانەوە لەبیردەکەن و بە دونیا سەرقاڵدەبن، نامەیەک بۆ دایک و باوکت بەیانیان کار لە تۆ ناکات، تەلەفۆنێک لە کۆتایی ڕۆژەکە لە کاتت ناگرێت، بە بەسەربردنی کاتی پشوو لەگەڵ دایک و باوکت زەرەرمەند نابیت، گوێڕایەڵییکردن و ئاگاداربوون لە حاڵیان هەموو کات پێی زەرەرمەند نابیت. چاکبوون لەگەڵیان کە ئەرکی ئێمەیە و نابێت کەمتەرخەم بین بەرانبەریان، کە خودا لە سەرووی حەوت چینی ئاسمانەوە فەرموویەتی: ﴿ ۞ وَقَضَىٰ رَبُّكَ أَلَّا تَعْبُدُوٓا۟ إِلَّآ إِيَّاهُ وَبِٱلْوَٰلِدَيْنِ إِحْسَـٰنًا ۚ إِمَّا يَبْلُغَنَّ عِندَكَ ٱلْكِبَرَ أَحَدُهُمَآ أَوْ كِلَاهُمَا فَلَا تَقُل لَّهُمَآ أُفٍّ وَلَا تَنْهَرْهُمَا وَقُل لَّهُمَا قَوْلًا كَرِيمًا ﴿٢٣﴾ وَٱخْفِضْ لَهُمَا جَنَاحَ ٱلذُّلِّ مِنَ ٱلرَّحْمَةِ وَقُل رَّبِّ ٱرْحَمْهُمَا كَمَا رَبَّيَانِى صَغِيرًا ﴿٢٤﴾ ﴾ الإسراء: ٢٣ - ٢٤

واتە: پەروەردگارت فەرمانی کردووە و بڕیاری داوە کە هیچ کەسێك نەپەرستن تەنها زاتی پیرۆزی الله نەبێ، چونکە تەنها ئەو شایەنی پەرستنە و، فەرمانی کردووە و بڕیاری داوە کە لەگەڵ دایك و باوکتاندا چاکەکار بن بەتایبەتی کاتێك یەکێك لەوان یان هەردووکیان لە تەمەنی پیریدا لای تۆ دەبن، ئەوا کەمترین وشەیان پێ مەڵێ کە

پێیان ناخۆش بێت تەنانەت پێیان مەڵێ ئۆف، (ئۆف کەمترین وشەیە بۆیە خوای گەورە بەکاری هێناوە، ئەگەر لەو وشەیە کەمتر هەبوایە ئەویشی بەرامبەر دایك و باوك قەدەغە دەکرد) و، بە ڕەقی و بە توندی و ناشیرینی مامەڵەیان لەگەڵدا مەکە (دەست رامەوەشێنە بەسەریاندا) بەڵکو بە وشەیەکی نەرمونیان و سۆز و بەزەیی و ئەدەب و ڕێزەوە قسەیان لەگەڵدا بکە و باڵی زەلیلیان بۆ شۆڕ بکەوە و بەڕەحم و سۆزو بەزەیی و خۆبەکەمزانبە لەگەڵیاندا و، دوعایان بۆ بکە بڵێ: ئەی پەروەردگار ڕەحمیان پێ بکە، هەروەکو چۆن ئەوان بە منداڵی و بە بچووکی منیان پەروەردە کردووە.))

خودای بەخشندە و میهرەبان لە چەندین ئایەت باسی چاکەکردنی بەرانبەر دایک و باوک کردووە، بۆ دانەوەی قەرزی ئەوان، تا چاکەی ئەوان بدەینەوە. ئەمانە چەند چیرۆکێکی پیاوچاکانە دەربارەی چاکە بەرانبەر دایک و باوک:

ابن مەسعود (ڕەزای خودای لەسەربێت) ئاوی بۆ دایکی برد، بەڵام دایکی خەوی لێکەوتبوو، لەبەرئەوە لە لای مایەوە تا دایکی لە خەو هەستا، دواتر ئاوەکەی دایە. ابن مسعود ترسابوو کە بڕوات و دایکی هەڵبستێت ئاوەکە نەدۆزێتەوە. هەروها ترسابوو کە بخەوێت و دایکی هەڵبستێت ئاوەکە نەدۆزێتەوە. لەبەرئەوە تا ئەو کاتەی هەستا لە خەو، چاوەڕوانیکرد.

ابن عەون، یەکێکە لە هاوەڵانی پەیامبەر، دایکی بانگیکرد، ئەو دەنگی بەسەر دایکیدا بەرزکردەوە، لەسەر ئەم کارەی پەشیمانبوو و هەستا بە ئازادکردنی دوو کۆیلە.

ابن سیرین، کاتێک قسەی لەگەڵ دایکی دەکرد شەرمیدەکرد، یان کاتێک دایکی دەهاتەژورەوە، شێوەی ڕووخساری دەگۆڕا.

حەسەنی بەسری، لە یەک قاپدا خواردنی نەدەخوارد لەگەڵ دایکی، لە ترسی ئەوەی کە ئەو دەست بە خواردنێک بگەیەنێت و دایکی حەزی لەو شتە بوویێت.

حەیوە ابن شەریح، یەکێکە لە هاوەڵانی پەیامبەر لە مزگەوت وانەی دەخوێند، کاتێک دایکی دەهات و پێیدەگوت: هەستە خواردن بە مریشکەکان بدە، هەڵدەستا و وازی لە فێربوون دەهێنا، چاکەی دایکی دەدایەوە، نەک ئەوەی گوێڕایەڵی نەکات، بڵێت من لە وانەدام، من لە خوێندنم، من لە کۆبوونەوەی زیکرکردندام.

باوکان سەختیی و ناخۆشیی تەواویان کێشاوە و پەروەردەکردن بەو ڕادەیە ئاسان نییە کە ئێمە بیری لێدەکەینەوە. ئەوان یەکەم شتن کە لەم جیهانەدا ئێمە ئاگادارین، تا دەربارەی هەموو بابەتێک دەستبکەین بە هاوارکردن و نارەزاییدەربڕین و ئاژاوە دروستکردن و ببینە هۆی ماندووبوون و دروستکردنی کێشە بۆ ئەوان. هەروەها ناخۆشترین کار کە بتوانین بیری لێبکەینەوە ماندووبوونتە لە لایەن خۆشەویستانت.

سەرەڕای هەموو ئەمانەش، ئەوان لە بری یەکجار بەرانبەر ئێمە سەد جار دەربارەی بابەتی جیاواز و زۆر بەخشندەیان نواندوە. دایکم لە من خۆشبوو کاتێک درۆمکرد و گوتم: نوێژم کردووە. باوکم لە من خۆشبوو، کاتێک ڕووناککەرەوەی باخچەکەم شکاند. دایکم لە من خۆشبوو، کاتێک لە زانکۆ شکستمهێنا. کاتێک کەسانی دەوروبەرت تۆ بە شکستخواردوو سەیردەکەن، دایکت سەرکەوتنی تۆ دەبینێت لەبەرئەوەی بڕوای بە تۆ هەیە. "چونکە تۆم خۆشدەوێت، بڕوام بە تۆ هەیە". کەواتە دایک و باوک بەر لە هەموو کەسێک بڕوایان بە ئێمە هەیە و خۆشەویستییمان پێدەبەخشن. کەواتە لەسەرمان پێویستە ئەو قەرزە بدەینەوە و خۆشەویستییان پێببەخشین هەر وەک چۆن ئەوان بە ئێمەیان بەخشی. لەبەرئەوەی بە ئازارترین هەڵسوکەوت بەرانبەر مرۆڤ بریتییە لە بێمنەتبوون بەرانبەر خۆشەویستیی و ئەو پێزانینەی پێیبەخشراوە. سادەترین شت کە بتوانین پێشکەشیبکەین، بەخشینی خۆشەویستیی و ڕێز و پێزانینە بۆیان، ڕێز لە بۆچوون و بڕیارەکانیان بگرین و خۆهەڵنەقورتێنین و دژایەتییان نەکەین، بەڵکوو لە ژیاندا هاوکارییانبکەین.

## پوختەی قسەکان:

تا دەتوانیت بۆ درێژترین ماوە دەنگی "باوکت" تۆماربکە کاتێک قسەدەکات، تۆمارەکە بەباشیی بشارەوە و مەپرسە بۆچی...

نازانیت داهاتوو چی هەڵگرتووە بۆ تۆ..

## بەرپرسیاریێتیی رۆشنبیر

رۆشنبیر ئەو کەسەیە کە فێربووە و بەردەوامە لە فێربوون بە شێوەیەکی سەرەکیی بەهۆی ئەو ئەزموونانەی پێیدا تێپەڕدەبێت. دەتوانێت سوود لەو زانیارییە کە بەهۆی خوێندنەوە و ئەو ئەزموونەی بەدەستیهێناوە ببینێت. کاتێک ڕووبەڕووی بارودۆخی جیاواز دەبێتەوە، چونکە ئەو کەسێکە دەتوانێت زانیارییەکانی بەکاربهێنێت بۆ بەرزکردنەوە و خۆگونجاندن لە کۆمەڵگەدا. ڕۆشنبیریی پەیوەست نییە بە ئاستی خوێندن و پلەیەکی زانکۆ، بەڵکوو پەیوەستە بە زانیاریی و مەعریفەت کە لە ساتەکانی ژیانکردنی بەدەستیدەهێنێت. واتا لە منداڵییەوە تا ئەو کاتەی کە بە تەمەندا دەچێت.

بۆ ئەوەی تاک کەسێکی ڕۆشنبیر بێت پێویستە "ڕەوشتبەرز و توانای کاریگەریی و ڕازیکردنی هەبێت. لە هەموو ئەمانە گرنگتر پێویستە بیرۆکە و بنەمای باڵای هەبێت کە پەیڕەویبکات. هەروەها هەوڵی بڵاوبوونەوەی ڕۆشنبیریی بدات لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە و لەناوبردنی ئەو دابونەریتانە بدات، کە کاریگەریی نەرێنیی لەسەر کۆمەڵگە هەیە".

بەداخەوە لە ماوەی ڕابردوودا ڕۆشنبیران وێنەیەکی نەرێنیی ڕۆشنبیریان بەرجەستەدەکرد، لەبەرئەوە ڕۆشنبیریی پەیوەستبوو بە هۆکارگەلێک کە هیچ پەیوەندیی بە ڕۆشنبیریی نەبوو. هەروەها هەندێک لە ڕۆشنبیران بەهۆی بیرکردنەوەیان کە لە سەرووی هەموو کەسێکن لەبەر ئەو زانست و ڕۆشنبیرییەی کە هەیانە لەخۆبایی بوون، ئەمە کێشەیەکی گەورەیە، یان من بە نەخۆشیی ناویدەبەم بەهۆی خێرابڵاوبوونەوەی.

ڕۆشنبیر، نووسەر، دکتۆر و ئەندازیار، وەها ڕەفتاردەکەن کە ئەوان لە هەڵە بەدوورین وەک ئەوەی پەیامبەر بن و ئەوان لە کەسانی تر باڵاترن و هەر کتێبێک کە دەینووسن، یان بۆچوونێک کە دەریدەبڕن دروستە و گفتوگۆ هەڵناگرێت. جا دروستبن، یان هەڵەبن. زانست و زانیاریی شتانێکن کە خودا بە بەندەکانی دەبەخشێت، لەبەرئەوە ئەگەر زانا و ڕۆشنبیر بوویت بزانە خودا بە تۆی بەخشیوە و بە خراپە بەکاری مەهێنە. ئەرکی ڕۆشنبیر لە کۆمەڵگەدا بریتییە لە ڕێنوێنیی و هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە بەهۆی ئەوەی کە دیدیگایەکی جیاوازی هەیە و دەتوانێت خزمەت بە کەسانی تر بکات.

دوابەدوای کۆتاییهاتنی جەنگی ناوخۆیی لە ڕووسیا (١٩١٧-١٩٢٠) گەنجە ڕۆشنبیرەکانی ڕوسیا هەوڵی ئەنجامدانی دوو

کاریان دا، بۆ کەمکردنەوەی ئازارەکانی جەنگی ناوخۆ کە ڕوویدابوو:

نووسینی ڕۆمان و چیرۆکیان گرتەئەستۆی خۆیان.

دەرکردنی جەنگ بە بڵاوکردنەوەی درکپێکردن و هۆشیاری لە ناو میللەتی ڕووس، تا بە هیچ شێوەیەک جەنگێکی لەم شێوەیە لە ناو نەوەکانی ڕوسیادا سەرهەڵنەداتەوە.

لە جەرگەی ئەم جەنگ و شەڕە ناوخۆییانە کۆمەڵێک چیرۆکی ئیسحاق بابل بڵاوکرایەوە: "سوارچاکە سوورەکە"، بە شێوەیەکی واقیعییانە تراژیدیا و دڕندەیی جەنگی ناوخۆیی بەرجەستەکرد و پیشانیدا، کە کارەساتێکە بەسەر مرۆڤایەتییدا هاتووە. ئیسحاق بابل سەیری جەنگی دەکرد و لە وردەکارییەکانی ورددەبووەوە و تۆماریدەکردن، بەو شێوەیەی کە هەن.

سەرەڕای بەرەوپێشچوونی تەکنەلۆژیا و زانست و ڕێگەکان بە شێوەیەکی خێرا، بەڵام توێژینەوەکان ئەوە دەردەخەن کە ئێمە جگە لە داهێنانە ئاسانەکان هیچ شتێکی ترمان بەدەستنەخستووە و توانای مێشکمان بەتەواویی بەکارنەهێناوە. کەواتە ئەم لەخۆباییبوونە لەپای چی؟ هەندێک کەس کە فێری حیکمەتێک، یان خوێندنەوەی کتێبێکی دیارییکراو، یان بڵاوکراوەیەک لە "فەیسبووک" دەبێت، دەبینیت زۆر باسیدەکات وەک ئەوەی کە شارەزابێت لە زانستێک، یان شتێکی دۆزیوەتەوە، کە پێشووتر هیچ کەس نەیزانیوە. ئەم

نەخۆشییەش زۆر مەترسییدارە. ئەمە "خەیاڵی هەبوونی زانستە" و ئەمەیش زۆر مەترسییدارتر و خراپترە لە نەزانین.

## پوختەی قسەکان:

گرنگترین سیفەت بۆ کەسی ڕۆشنبیر بێفیزبوونیەتی بەرانبەر زانست و پێگەی لە کۆمەڵگەدا و چاککردنی وێرانکارییەکانی جەنگ بگرێتە ئەستۆی خۆی و نەزانیی لەناوبەرێت. ستیڤن هۆکینغ دەڵێت: "گەورەترین دوژمن بۆ زانست... نەزانیی نییە، بەڵکوو خەیاڵی هەبوونی زانستە...!" لەبەرئەوە لەخۆبایی مەبە بە زانست و ڕۆشنبیرییت، چونکە زۆر شت نازانیت.

## ئەوینی دلبەرم بەدەست هێنا

یەکێک لە مەزنترین چیرۆکەکانی خۆشەویستیی لە مێژوودا، چیرۆکی ئازیزی دڵان (سەلامی خودای لەسەربێت) لەگەڵ هاوسەرەکەی خەدیجەیە. خاتوو خەدیجە (خودا لێی ڕازیبێت) بەر لە وەفات و دوای وەفاتی چاکە و پێگەیەکی باڵای لای ئازیزی دڵان (سەلامی خودای لەسەربێت) هەبوو. پەیامبەر گیان لە بەرانبەر هەموو کەس دانی بە خۆشەویستیی خۆیدا دەنا بەرانبەر خاتوو خەدیجە و زۆر ستاییش و یادیدەکرد و باسی چاکەکانی دەکرد. یەکێک لەو هەڵوێستانەی بریتییە لە:

ئەو هەڵوێستەی کاتێک لە جەنگی بەدر ڕوویدا، هاوسەری زەینەب خانی کچی ئازیزی دڵان (سەلامی خودای لەسەربێت) بە دیل گیرا و هۆکاری دوورییان لە یەک بەهۆی موسڵماننەبوونی هاوسەرەکەیەوە بوو، لەبەرئەوە زەینەب هات و دەیویست هاوسەرەکەی بە پارە ئازادبکات. هەر لەبەر ئەم هۆکارە ملوانکەی دایکی "خەدیجە" (خودا لێی ڕازیبێت) نارد، کاتێک ئازیزی دڵان (سەلامی خودای لەسەربێت) ملوانکەکەی بینی ئازارەکانی و

یادگارییەکانی خاتوو خەدیجە لە ناو دڵ و ڕۆحیدا سەریهەڵدایەوە، لەبەرئەوە داوای لە بەرپرسی دیلەکان کرد کە هاوسەری زەینەب ئازادبکەن و ملوانکەکەی بۆ بگەڕێننەوە، کە لە دایکیەوە بۆی ماوەتەوە و لەدەستی نەدات، لەبەرئەوە هاوەڵانیا ئەنجامیاندا، بینینی ئەم ملوانکەیە وایکرد کە ئازیزی دڵان (سەلامی خودای لەسەربێت) خەمبخوات.

کارێکی قورسە پێناسە، یان درک بە دەستەواژەی خۆشەویستیی بکرێت، بەڵام ئێمە دەتوانین بەم شێوەیە پێناسەیبکەین:

خۆشەویستیی ڕاستەقیینە بەگشتیی وەها پێناسەکراوە کە هەستێکە ئارەزووی وەفای هەمیشەیی بەرانبەر شتە گرنگ و بەهادارەکانی ژیانە. یەکێک لە پایە گرنگەکانی کۆمەڵگە کە بنچینەکانی کۆمەڵگە دەبەستێتەوە لەگەڵ یەکتر بریتییە لە خۆشەویستیی. مرۆڤ لەسەر بنەمای خۆشەویستیی دروستبووە، خۆ ئەگەر خۆشەویستیی بوونی نەبایە هیچ کامێک لەمانە ڕووی نەدەدا. "گرنگییدانی دایک و باوک بە منداڵەکانیان، لێبووردەیی هاوڕێکان بەرانبەر یەکتر، برا هاوکاریی برای نەدەکرد، هاوسەرەکان بۆ ماوەیەکی زۆر لەگەڵ یەکتر ژیانیان نەدەکرد".

لە توێژینەوە زانستییەکاندا باسدەکرێت کە هەستی خۆشەویستیی پاڵنەرە بۆ هۆرمۆنێک کە بە "ئۆکسیتۆسین، یان هۆرمۆنی خۆشەویستیی" ناودەبرێت. دەبینیت هەموو کەس بەدوای ژیانێک د

دەروونێکی سەقامگیر گوزەردەکات، کە ئەمەیش ئەرکی ئەم هۆرمۆنەیە. لەبەرئەوە دەبینیت خۆشەویستان لە ئاسوودەیی و دڵخۆشییدان کاتێک لەگەڵ یەکترن. هەروەها بوونی ئەم هۆرمۆنە لە لەشدا یارمەتییدەرە بۆ گەیشتن بە پەیوەندیی خێزانیی، کە هاوکاریی بەدەستهێنانی ئاسوودەیی خێزان دەکات لە ژیانی هاوسەرگیریی، لەبەرئەوە دەبینیت زۆرێک لە ئێمە پەنادەباتە بەر خۆشەویستیی و هەوڵدەدات بەدەستیبهێنێت. لەبەرئەوەی خۆشەویستیی نارەحەتیی و ڕووبەڕووبوونەوەی ناخۆشییەکانی ژیان کەمدەکاتەوە.

سروشتی مرۆڤ وایە کە بە کامڵیی دروست نەکراوە، لەبەرئەوە مرۆڤ لە هەوڵی گەیشتن بە کامڵیی تەواو، هەمیشە بۆ پڕکردنەوەی کەموکورتییەکانی پێویستی بە هاوبەشی ژیان دەبێت، بۆ ئەوەی یەکتر تەواوبکەن.

خۆشەویستیی و هەڵبژاردنی هاوبەشی ژیان بە شێوەیەکی ئازادانە تەنها مافی پیاوان نییە، بەڵکوو خۆشەویستیی شتێکی خۆڕسکە کە مافی هەر تاکێکی کۆمەڵگەیە کە خۆشەویستیی بکات و خۆشبویسترێت. جا ئەوەی پیاو، یان ئافرەت بێت.

دەتوانین بڵێین کە خۆشەویستیی سەقامگیریی و ئارامیی هەمیشەیی بە دەروونەکان دەبەخشێت و فێری ئەدەبیان دەکات. خراپترین شت کە ڕووبەڕووی مرۆڤ ببێتەوە بریتییە لە بێدەنگیی و

شاردنەوە و بێبەشیکردن، لەبەرئەوەی مرۆڤ لەوپەڕی پێویستییدایە کە کەسێکی هەبێت قسەی لەگەڵ بکات و ڕاوێژی پێبکات، کەسێک هاوبەشی دڵخۆشیی و دڵتەنگییەکانی بێت. بە ڕاستیی ئەو کەسەی خۆشتدەوێت دەتوانێت ببێتە تاکە سوپای تۆ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی نارەحەتییەکانی ژیان. هەروەها کارێکی زۆر مەزنە لە ژیانمان کەسێک هەبێت کە سۆز و خۆشەویستیی هەست پێبکەین و ئەو هێزە سەرسوڕهێنەرەمان پێببەخشێت، کە دەبێتە هۆی بەردەوامیی ئێمە لەم ژیانەدا. بەڕێزان بەکورتیی خۆشەویستیی سەرچاوەی "دڵخۆشییە".

فەلسەفەی خۆشەویستیی بریتییبوو لە وشەیەک کە ناتوانیت بیبەستیتەوە بە شتێکی ڕاستەقینە، یان هەستپێکراوەوە، ناتوانرێت بە مێشک درکی پێبکرێت، یان لۆژیکانە باسبکرێت.

بەڵام ئەرستۆ لە تیۆرێک دەربارەی خۆشەویستیی دەڵێت "پەیوەندییەکە باس لە ڕۆحێک دەکات، لە دوو جەستەدا". هەروەها گوتی: خۆشەویستیی لەناو ناچێت، هەر خۆشەویستییەک لەناوبچێت، ئەوا خۆشەویستیی ڕاستەقینە نەبووە.

## پوختەی قسەکان:

خۆشەویستیی سارێژی دەروون دەکات و سەرلەنوێ خۆشیی بڵاودەکاتەوە تێیدا. خۆتان بێبەش مەکەن لە دەربڕینی ئەم هەستە ناوازەیە، لەبەرئەوەی ژیان پێناسەی چەند وێستگەیەکی کورتە، ئەمڕۆ هەر کەسێکت لەگەڵ بێت سبەی نامێنێت، ئەو کات گریان لەسەر بەخت و ڕۆیشتنی ئەو کەسە هیچ سوودێکت پێناگەێنێت، لەبەرئەوە کێ لات خۆشەویستە وشەی خۆشەویستیی بۆ بنێرە بۆ مانەوەی پەیوەندییە خێزانیی و سۆزدارییەکان و تا لەناو نەچن، چونکە وشەی "هاوسەرەکەم خۆشمدەوێت، دایکە خۆشمدەوێت، براکەم خۆشمدەوێت" نابێتە هۆی کۆتایی دونیا بە گوتنی.

فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی دەڵێت: "سەرەڕای شکانی دڵت، ڕۆژێک بە خۆشەویستیی گوڵدەگرێت و سارێژدەبێتەوە".

ئازیزەکەم، خۆشەویستیی بوژانەوەیەکی نوێمان پێدەبەخشێت، ئەمەت چاک لەیادبێت.

## بەلەمە ناوازەکە

یەکێک لە بێباوەڕان بەرەنگاری زانا موسڵمانەکانی شارێک بووەوە، زاناکان داناترین کەسیان هەڵبژارد لەناو خۆیاندا، تا وەڵامیبداتەوە و بۆ ئەمەیش کاتێکیان دیارییکرد. کاتی کۆبوونەوەکە هەموو کەس چاوەڕوانی زاناکەیان دەکرد، لەبەرئەوەی نەگەیشتبوو. بێباوەڕەکە بە ئامادەبووانی گوت: زاناکەتان ترساوە و ڕایکردووە، چونکە زانیویەتی من سەردەکەوم و دەیسەلمێنم ئەم گەردوونە هیچ خودایەکی نییە! لە کاتی قسەکردنی بێباوەڕەکە زاناکە گەیشت و پۆزشیهێنایەوە بۆ درەنگکەوتنی و گوتی: لە ڕێگەی هاتنم بۆ ئێرە هیچ بەلەمێکم دەست نەکەوت، تا بپەڕێمەوە لە ڕووبارەکە، بەڵام لەناکاو تەختەدار لە ڕووبارەکە دەرکەوتن و بە شێوەیەکی خێرا و ڕێک کۆبوونەوە و بوون بە بەلەم، دواتر بەلەمەکە لە من نزیکبووەوە، منیش سواری بەلەمەکە بووم و هاتم.

بێباوەڕەکە لە وەڵامدا گوتی: ئەم پیاوە شێتە، چۆن تەختە لەگەڵ یەکتر کۆدەبێتەوە و دەبێت بە بەلەم، بەبێ ئەوەی هیچ کەسێک

دروستیبکات. هەروەها چۆن دەجوولێت بەبێ ئەوەی هیچ کەسێک بیجوولێنێت!

زاناکە پێکەنی و گوتی: "ئەی چی دەربارەی خۆت دەڵێیت، کە تۆ دەڵێیت: ئەم گەردوونە مەزنە هیچ خودایەکی نییە!

لە چەند ساڵی ڕابردوودا بابەتی دروستبوون و بوون لە بابەتە هەرە سەرقاڵکەرەکانی دونیا بووە، لەبەرئەوەی زانا و زانستەکان چڕبوونەوە لەسەر زانینی بنەچەی مرۆڤ و گەردوون. ئەم ویستی زانینە بووە پاڵنەرێک تا زاناکان چەندین بۆچوون دابنێن، تا چەند توانایان هەیە هەوڵی شیکردنەوەی دروستبوونی گەردوون و زەوی و گەشەسەندنی مرۆڤ بکەن. ئێمە ئێستا ناتوانین بە بۆچوون باس لە بابەتەکە بکەین لەبەرئەوەی بابەتەکە ئاڵۆزە و لە چەند پەڕەیەک باس ناکرێت، بەڵکوو پێویستی بە چەند کتێبێکە. هەروەها هەموو گرووپێک خاوەنی بۆچوونی خۆی بوو سەبارەت بە جیاوازیی دروستبوون و کۆتایی ژیان. گرنگ ئەوەیە کە زۆرینەی ڕاوکەران لە ئاوی لێڵدا ئایینەکانیان تۆمەتبارەکرد بە ئەفسانە و پێشکەشنەکردنی بەڵگەی تەواو لەسەر دروستبوونی یەکەم، لە چیرۆکی یاوەرانی ئەشکەوت، کە قورئان باسیاندەکات:

﴿ سَيَقُولُونَ ثَلَاثَةٌ رَّابِعُهُمْ كَلْبُهُمْ وَيَقُولُونَ خَمْسَةٌ سَادِسُهُمْ كَلْبُهُمْ رَجْمًا بِالْغَيْبِ وَيَقُولُونَ سَبْعَةٌ وَثَامِنُهُمْ كَلْبُهُمْ قُل

﴿... رَّبِّيٓ أَعۡلَمُ بِعِدَّتِهِم مَّا يَعۡلَمُهُمۡ إِلَّا قَلِيلٞۗ فَلَا تُمَارِ فِيهِمۡ إِلَّا مِرَآءٗ ظَٰهِرٗا وَلَا تَسۡتَفۡتِ فِيهِم مِّنۡهُمۡ أَحَدٗا ۝٢٢﴾ الكهف: ٢٢

واتە: (( هەندێك لە خەڵكی دەڵێن: ئەمانە سێ کەس بوونە و چوارەمیان سەگەکەیان بووە، هەندێکی تریان دەڵێن: پێنج بوونە و شەشەمیان سەگەکەیان بووە، لە خۆیانەوە بە گومان و بێ زانیاری قسە دەکەن (کەواتە ئەم دوو بۆچوونە هەڵەیە)، هەندێکی تریان دەڵێن: حەوت بوونە و هەشتەمیان سەگەکە بووە (ئەمەیان تەواوترە) ئەی محمد - صلی الله علیه وسلم - بڵێ: پەروەردگارم خۆی زاناترە بە ژمارەیان چەند بووە، کەس ژمارەیان نازانێ تەنها کەمێك نەبێت، تۆ تیایدا ڕۆمەچۆ و مشتومڕو دەمەقاڵێی تیا مەکە، تەنها باس کردنێکی ئاشکرا و سووك نەبێت بەوەی کە زۆر ڕۆنەچن تیایدا تەنها بیگێڕنەوە، تۆ داوای فەتوا لە هیچ کەسێك لەوان مەکە لە جوولەکەکان چونکە زانیاریان نیەو لە خۆیانەوە قسە دەکەن و، خوای گەورە خۆی بۆی باس کردیت لە قورئانی پیرۆزدا کە حەقەو هیچ گومانێکی تیا نییە.))

نەبوونی ژمارە و وردەکارییەکان لە چیرۆکەکە، بەڵگەیەکە بۆ جەختکردنەوە لەسەر گرنگترین کە بەردەوامبوونیانن لەسەر گوتنی ڕاستیی و ڕەتکردنەوەی ناڕەوایەتیی. هەروەها پەندێک بوون بۆ هەموو کەس لە ڕابردوو و ئێستا. بەداخەوە زۆرێک لە ئێمە خەیاڵی دوور دەڕوات و ئەسڵی چیرۆک و پەندەکە لەبیردەکات.

سەرنجدەخاتە سەر پارچەپارچەکانی بابەتەکە و ناوەڕۆک و مەبەستی چیرۆکەکە لەبیردەکات. هەروەها زۆرێک لە کەسەکان زیادەڕەویی دەکەن لە سەیرکردنی بۆچوونەکانی دروستبوون و گەشەسەندن. هەروەها چاوپێکەوتنە تەلەفزیۆنییەکان و بۆچوونەکان لە نێوان زانا و شێخەکان دەبینیت لەسەر ئەو بابەتە و ناگەنە ئەنجام بەهۆی سووربوونی هەر دوولا لەسەر بۆچوونەکانیان. ئێمە لە نرخی زانست کەم ناکەینەوە و بە خراپ بەکاری ناهێنین، بەڵام ئێمە زانا و بیردۆزەوان نین، بەڕێوەبەری کارەکەم پلەم بەرز ناکاتەوە لە کارەکەم، ئەگەر دەربارەی بنەچەی مرۆڤایەتیی بزانێت. هەروەها جگە لە ویستی زانینم هیچی تر تەواو نابێت، هەندێک لە کەسەکان هەموو تەمەنی لەسەر توێژینەوە و گەڕان بە دوای ڕاستیی بەسەردەبات و ژیانکردن لەبیردەکات.

بەڕێزان، ئێمە بۆ شتی بەبایەختر و گرنگتر بەدیهێنراوین. هەروەها هەر یەکێک لە ئێمە کارێکی هەیە کە پێویستە بە باشترین شێوە ئەنجامیبدات بەرلەوەی ژیانی کۆتاییبێت. ژیانیش تەنها دوو چرکەساتە، چرکەساتی یەکەم کاتی لەدایکبوونمانە، چرکەساتی دووەم ئەو کاتەیە کە دەخرێینە ناو تابووت. ئەم پێشکەوتنە خێرایە لە ژیان و پێشکەوتن و نوێبوونەوەی تەکنەلۆژیا بە بەردەوامیی و زیادبوونی دانیشتووانی زەوی بەم شێوە خێرایە کارەکەی ئێمەی قورستر کردووە و پێشبڕکێ لە ژیان گەورەتر کردووە. لەبەرئەوە سەرقاڵبوون بە ژیانکردن و بەدەستهێنانی ئامانجەکان و یارمەتیی

گۆڕینی جیهان و کۆمەڵگە و پێشکەشکردنی یارمەتیی بە کەسانی تر، زۆر گرنگترە لە زانینی بنەچەی ئەو جیهانەی کە ژیانی لەسەر دەکەین. بیهێنە بەرچاوت کە کەسێک بڕێکی دیارییکراو لە پارەت پێدەبەخشێت، ئایا هیچ ڕەوایە بگەڕێیت لە سەرچاوەی ئەو پارە، یان بەکاریبهێنیت لە پڕۆژەیەکی بەسوود کە ئەگەری هەیە ژیانت بە شێوەیەک بگۆڕێت، ئەمە هەموو بابەتەکەیە.

## پوختەی قسەکان:

دۆستۆیفیسکی دەڵێت: (ئێمە هەموومان بەبێ هیچ جیاکارییەک... لە ئاستی باخچەی ساوایانین سەبارەت بە زانست و گەشەسەندن). بەپێی کات هەموو شت چارەسەردەبێت و وەڵامێکی قایلکەر دەدۆزینەوە بۆ هەموو کەس، باشترین شت بۆ هەمووان تەرکیزکردن و جەختکردنەوەیە لە ژیان.




**Description**

بسم الله الرحمن الرحیم

🤍چەناڵێک تایبەت بە کتێب و بابەتی جیاواز🤍

**ئەم کتێبە لەلایەن { ئاڤان بەهجەت }**
**کراوە بە دیاری بۆ خوێنەران**

چەناڵ
https://t.me/tanyahaji7

t.me/tanyahaji7

Invite Link

## مێش باس لە پاکوخاوێنیی دەکات

لەگەڵ بەرەوپێشچوونی کات و گەشەسەندن و ڕۆشنبیریی کە دەیبینین، هەندێک لە دەستەواژەکان گۆڕان بۆ دەستەواژەی تر، تا بتوانرێت بەکاربهێنرێن. لەبەرئەوە کاتێک ئارەزووی هەڵەت هەیە و دەتەوێت کاری پێبکەیت و کۆمەڵگە و ویژدانت هەڵبخەڵەتێنیت، ئەوا لەژێر دەستەواژەیەکی تر کاری پێبکە. بۆ نموونە: زۆر کەس ئێستا هەر کارێک بیەوێت دەیکات لەژێر دەستەواژەی "ئایین". هەندێک کەس دەبینیت لە ڕاوکەران لە ناوی لێڵدا هەندێك دەق دەڵێن کە پەیوەندیی بە ئایینەوە نییە. هەروەها تەفسیری هەر شتێک کە حەزی لێبێت دەیکات، تەنها لەبەرئەوەی سوود و مەبەستێکی دیاریکراوی هەیە بۆ ئەو کە دەیەوێت ئەنجامیبدات بەو شێوەیەی کە ئارەزوویدەکات. هەروەها زۆرێک ڕەفتاری هەڵە ئەنجامدەدات، دەبینین لە ماوەی ڕابردوودا "ڕۆشنبیریی" تووشی شێواندنێکی زۆر بوو، کاتێک گرووپێکی نوێ بە ناوی "ڕۆشنبیریی" سەریهەڵدا، کە هیچ پەیوەندییان بە ڕۆشنبیرییەوە

نەبوو، بەڵکوو ڕۆشنبیرییان ساختەکرد و نەهێشت. هەندێک کەس وەک خۆرئاواییەکان (ئەوروپییەکان) ڕەفتاری دەکرد کە پێچەوانەی دابونەریت و کەلتووری ئێمە بوو و بە خراپ بەسەر خودی خۆی دەشکایەوە و ئەو کەسانە وشەی ناشیرن و جنێویان دەگوت و وەها گومانیان دەبرد کە چینە هۆشیار و ڕۆشنبیر و باڵاکەن و چینەکانی تر ئاستنزمن. خۆ ئەگەر بێتو چاوێک بە ئاستی هۆشیاریی و ڕۆشنبیریی ئەو کەسە گوزەربکەیت ئەوا دەبینیت کە کۆتا کتێب خوێندوویەتیەوە بریتییە لە "خوێندنەوەی خەلدونی" قۆناغی سەرەتایی، تەنانەت ئەگەر هەیە کە ئەم کتێبەشی تەواو نەکردبێت، ڕێنووسە خراپەکەی لە بڵاوکراوەکانی تۆڕی فەیسبووک دەبینیت، یان ئەگەر هەیە کە تا ئێستا پیتەکان خونجەبکات. کەواتە ڕۆشنبیریی "مۆدێل" نییە تا بەرجەستەیبکەیت! هەندێک کەس دەبینیت کە قاوە دەخواتەوە، جلوبەرگێکی دیارییکراو دەپۆشێت، یان هەندێك کتێب و دەق دەڵێت تا وا پیشانبدات کە "ڕۆشنبیرە"، یان بتوانێت ڕەخنە لە هەموو کەس بگرێت.

ڕۆشنبیریی بریتیی نییە لە زۆر سەردانییکردن بۆ شوێنە بەناوبانگەکان، یان بە هەڵگرتنی کتێب و دەربڕینی وشەی خراپ بەرانبەر خەڵک.

ڕۆشنبیر بەکورتیی بریتییە لەو کەسە هۆشیارەی کە لە ڕاستیی تێگەیشتووە و کێشەکانی کۆمەڵگەی دیارییکردووە و دەستی بە گەڕان کردووە بۆ چارەسەرێکی بنەبڕ، بۆ ئەوەی کە بتوانێت ئەوەی کە ماوە ڕزگاریبکات. هەروەها بیفیزبێت و بتوانێت لەگەڵ تاکەکانی کۆمەڵگە پەیوەندیی هەبێت، بۆ ئەوەی تێبگات چ کێشەیەکیان هەیە و بتوانێت چارەسەری کێشەکانیان بکات لە ڕێگەی ئەزموون و خوێندنەوەکانی لە بواری مێژوو و زانست و بوارە جیاجیاکانی تری ژیان. کێشەکان دیارییبکات و ڕەخنەیەکی بنیاتنەریان لێبگرێت، نەک ڕووخێنەر. هەوڵبدات خەڵک ڕازیبکات بە بیرۆکەیەک، یان چارەسەرێک کە پێشکەشی ئەوانی دەکات.

دەستەواژەی خۆشەویستیی یەکێکی ترە لەو دەستەواژانەی کە تووشی شێواندن بووە، لەبەرئەوەی ئەم دەستەواژەیە لەناوچوو و زۆریینەی کەس بۆ داپۆشینی ڕەفتارەکانیان و ئەو کارانەی کە توانیان ئەنجامیاندا لە ژێر ئەم دەستەواژە، مرۆڤ نیازی خراپبێت، یان باشبێت، ئەوا ویژدانی سەرزەنشتیدەکات لەبەرئەوە هەوڵدەدات کە ڕەفتارەکانی لەژێر دەستەواژەی تر داپۆشێت. بیرمە لە دواناوەندیی لە وانەی "ئایین" پرسیارمان لە مامۆستا دەکرد، ئایا ئەمە ڕێگەپێدراوە ئەنجامبدرێت، یان نا؟ هەموو قوتابییەکان پرسیاریاندەکرد ئەمە حەڵاڵە، یان حەرام؟ دەکرێت ئەم کارە بکەیت، یان نا؟ مامۆستا بە چەند وشەیەکی سادە وەڵامیدایەوە، گوتی: "ئێوە وەڵامی پرسیارەکانتان دەزانن، بەڵام بەدوای کەسێکدا دەگەڕێن

کە لە ڕووی شەرع و یاسا ڕێگەتان پێبدات تا ئەنجامیبدەن. هەروەها ئەگەر بتانزانیایە ڕێگەپێنەدراوە، یان نا ئەوا پرسیارتان نەدەکرد". بەڕێزان، ئەمە ویژدانە کە لە ناخمان هەڵمانگرتووە، ئازارماندەدات بۆ هەڵسوکەوتە خراپەکانمان، ئای چەند سەختە لۆمەی خۆت بکەیت! لەبەرئەوە زۆرێک لە ئێمە هەوڵدەدات کارە هەڵەکانی لەژێر دەستەواژەی تری وەک "ئایین، ڕۆشنبیری، یان خۆشەویستیی، یان هەر دەستەواژەیەکی تر" بشارێتەوە.

کێشەی ئەم هەڵسوکەوتە هەڵە و خراپانە بریتییە لەوەی کەسانی تر تێڕوانینێکی هەڵەیان بۆ واتا ڕاستەقینەکانی ئەم دەستەواژە گۆڕاوانە دروستبوو. کێ لە ئێمە ڕقی لە ئایین بووەوە بەهۆی ئەوەی کەسێک بە هەڵە بەکاریهێنا؟ کێ لە ئێمە ڕقی لە ڕۆشنبیری و خۆشەویستیی بووەوە بەهۆی هەڵسوکەوتە خراپەکانی هەندێک کەسەوە؟

بەم دواییانە تێنەگەیشتنێکی زۆر هەڵە بڵاوبووەتەوە ئەویش "ئیسلامۆفۆبیا"یە، ئەمەش دەستەواژەیەکی هەڵەیە کە هەندێك لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و یاساییەکان لە ئەورووپا بەکاریدەهێنن. کاتێک ڕووداوێکی کوشتن ڕوودەدات و موسڵمانێک بەو کارە هەستاوە، ئەوا ئەم ڕووداوە بە "تیرۆریستیی" ناودەبرێت، بەڵام ئەگەر کەسێکی بێباوەڕ بە ئەنجامدانی ئەو کارە هەڵبستێت، ئەوا بە "نەخۆشێکی دەروونیی "شێت" ناودەبرێت. بەم شێوەیە ئیسلامیان بە

تیرۆریستییەوە گرێداوە، سەرەڕای ئەوەی ئیسلام زۆر لەوە باڵاترە کە ئەوان بانگەشەی بۆ دەکەن. لەبەرئەوەی ئیسلام کوشتنی موسڵمان و بێباوەڕی بە نارەوایەتیی قەدەغەکردووە.

ئازیزانم، (ئایین، ڕۆشنبیریی، یان خۆشەویستیی) ئەمانە واتایەکی مەزن و باڵایان هەیە و چاکە و پاکیی هاندەدات لە دەروونیی مرۆڤدا و ئاسوودەیی بڵاودەکاتەوە بەهۆی ئەو بەها مەزنانەی کە لەسەری دروستبوون.

مەهێڵە کەسە خراپەکان وێنەی ئەم واتایانە لە خەیاڵت بشێوێنن، یان کاردانەوەیەکی خراپت هەبێت بەهۆی ئەوانەوە، واتاکان ناگۆڕێن، بەڵام مرۆڤەکان بە بەردەوامیی دەگۆڕێن.

## پوختەی قسەکان:

شوێن قیبلەنمای دڵت بکەوە و عەقڵت و دانایی لە ژیانت بەکاربهێنە، لەبەرئەوە بڕیار لەسەر کتێب مەدە بەهۆی ناوەکەیەوە، یان بەرگەکەیەوە، لەبەرئەوەی دونیا پڕە لە فیتنە، لەبەرئەوە ئاگاداربە تا بەسەر ئەقڵت زاڵ نەبێت و کۆنترۆڵی نەکات.

ئەحمەد مطر دەڵێت:

**"ئەمڕۆ جرجێکم بینی**

**لەسەر پاکوخاوێنیی قسەیدەکرد و**

**هۆشداریی دەدا، کە پیسیی سزای لەسەرە**

**مێش و ئەوانەی دەورووبەری چەپڵەیان بۆ لێدا".**

کاتێک واتا و بەهاکان گۆڕان، ئەوا هەموو کەس مافی قسەکردنی هەیە لەسەر شەرەف و پاکیی تەنانەت خراپەکارانیش.

## پاشای میسر و چێشتلێنەر

کافوری ئەخشیدی و هاوڕێکەی دوو بەندەی ڕەشپێست بوون، ئەو کات بردیانن بۆ ناوچەکانی کوڕی تولونی شازادەی میسر، تا لە بازاڕی بەندەکان بفرۆشرێن. کافور و هاوڕێکەی دەستیان بە قسەکردن کرد. هەر یەکێک لە ئەوان دەستیکرد بە پرسیارکردن لەوی تر، تا بزانن ئاوات و خۆزگەی چییە.

هاوڕێکەی گوتی: خوازیارم کە بە چێشلێنەرێک بفرۆشرێم، بۆ ئەوەی هەر کات برسییبووم تێر بخۆم لەو خواردنەی کە ئارەزوویدەکەم. کافور گوتی: من خوازیارم کە هەموو میسرم هەبێت، بۆ ئەوەی فەرمانڕەوایەتیی بکەم و ئاسوودە بم. فەرمانبکەم و گوێڕایەڵییم بکەن. دوای چەند ڕۆژێک، هاوڕێکەی بە چێشتلێنەرێک فرۆشرا و کافور بە یەکێک لە سەرکردەکانی میسر فرۆشرا. تەنیا چەند مانگێکی خایەند، بۆ ئەوەی سەرکردەی میسر هێز و توانای کافور ببینێت، لەبەرئەوە نزیکیکردەوە لە خۆی و کاتێک مرد کافور هاتە پێگەی ئەو. ناوبانگی بە زیرەکیی و لێهاتوویی دەرکرد. هەروەها لە هەوڵدان نەوەستا تا بوو بە خاوەنی میسر و شام و دوو مزگەوتی پیرۆز. دواتر کافور ڕۆژێک بە لای هاوڕێکەی تێپەڕی و لە لای چێشتلێنەر بینی. حاڵی باش دیار

نەبوو و زۆر هەوڵیدەدا. کافور ئاوڕی لە شوێنکەوتەکانی دایەوە و گوتی: هەوڵ و تێکۆشانی گەیاندی بەو جێگایە و دەیبینن. هەوڵ و تێکۆشانی منیش گەیاندمی بەو جێگایە و دەمبینن. خۆ ئەگەر هەمان هەوڵماندابا، ئەوا خاوەنی هەمان چارەنووس دەبووین. زۆرێک لە شتەکان کە درکیانپێناکەین و شاراوەن لە ژیان کاتێک درکیانپێدەکەین، کە کات زۆر درەنگبووە، یەکێک لەوانەش "هەوڵدانە". ئەگەر ئێمە ڕاپرسییەکی سادە لەگەڵ کۆمەڵە گەنجێکی قاوەخانە، یان سەر شەقام، یان لە زانکۆ ئەنجامبدەین، "هەوڵدان" چی دەگەیەنێت لای تۆ؟ هەوڵی تۆ چییە لە ژیان؟ گرنگترین ئامانجی تۆ چییە؟ تێبینییدەکەیت کە زۆرێک لە وەڵامەکان گومان و دوودڵیی پێوەدیارە، چونکە زۆرێک لە گەنجەکان ئەو هەلەیان لەدەستدا کە ئاوڕێکبدەنەوە و بزانن هەوڵ چییە بەپێی توانا هەوڵدەدەن کە بیناسێنن.

هەوڵدان بریتییە لە هەستانی مرۆڤ بە کارێکی دیارییکراو، هەروەها دەتوانین بڵێین بریتییە لە ڕادەی بیرکردنەوە و هەوڵی تەرخانکراو بۆ بەدەستهێنانی شتێکی دیارییکراو. بۆ نموونە: ئەو کات و وزە زۆرەی کە لە کاتی خوێندن بەسەریدەبەیت دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئامانجێکی باڵات هەبێت و ئامانجێک بەدەستبهێنیت لەو ئامانجە کەمتر نەبێت و پێی ڕازی نەبیت. هەر یەکێک لە ئێمە پێویستی بە هەوڵێکی دیارییکراو هەیە، بۆ ئەوەی بتوانێت بە ئامانجەکانی بگات، لەوانەیە تووشی داڕمان و لاوازبوون بێت ئەو

هەوڵەی بەهۆی چەندین هۆکار، وەک کەسە ڕووخێنەرەکان ئەو کەسانەی ئاواتەخوازی چاکەی هیچ کەسێک نین، لەوانەیە قسەکانی ئەوان کاریگەرییان هەبێت و ئیرادە و هەڵوێستت لاوازبکەن. هەروەها توێژینەوەیەکی زانستیی سەلماندوویەتی دوای بڕیاردانت لە کارێکی دیارییکراو، ئەوا عەقڵی ناوەکییت هەوڵدەدات پاشگەزتبکاتەوە، کە زۆرێک لە ئێمە بەو بارودۆخەدا گوزەردەکات، کاتێک دەتەوێت کارێک بکەیت بەبێ وەستان و بەخێرایی هەستە بە کارەکە، تا پەشیمان نەبیتەتەوە و ئیشی ئەمڕۆ نەخەیتە سبەی. هەروەها یەکێکی تر لەو هۆکارانەی کە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی هەوڵدان سەرقاڵبوون و بێتوانایی مێشکە لەسەر تەرکیزکردن بەهۆی بیرکردنەوە و سەرقاڵبوون بە بەدەستهێنانی ئامانجی لاوەکیی وەک لە ئامانجە سەرەکییەکە. کاتێک ئێمە باڵاترین ئامانجمان هەڵدەبژێرین پێویستە لەسەرمان بەرزترین و باشترین هەڵبژێرین. (خودا باڵاترینی شتەکانی خۆشدەوێت و ڕقی لە بێبەهاکانە). هەروەها هەوڵمان لە شتێکی مەزن بێت، تا لە بارودۆخی کاری هەمیشەییدا بین بۆ بەدەستهێنانی. پێویستە ئامانجەکەت هەمیشە لەبەرچاوبێت و لەیادتبێت و یاوەری کەسانی باشبیت کە هەمان ئامانج و ئاوات بەیەکترتانەوە دەبەستێتەوە، بۆ ئەوەی کاتێک یەکێک لە ئێوە هەوڵی کەمکردەوە ئەوی تر بیریبخاتەوە. هەروەها خوێندنەوە و ئاشنابوون بە کەسایەتییە سەرکەوتووەکان و چۆنیەتیی سەرکەوتنیان و سوودوەرگرتن لە

قسەکان و وانەکانیان و لەبەرچاوبگرین، تا هەمیشە لەیادمانبێت. هەروەها بوونی کێبڕکێ زۆر گرنگە، وادەکات کە هەمیشە لە ئامادەباشییدابیت بۆ گەیشتن بە سەرکەوتن.

حیکمەتێک زۆر کاری لێکردم و هەموو کات لە تێنووسی تێبینیەکانم دەینووسم، دەڵێت "بیرمەندانی هەموو گەلێک درکیانکرد کە دڵخۆشیی بەئاسانیی بەدەست نایەت". مەبەست لە وتەکە بریتییە لەوەی دەبێت ناوچەی ئاسوودەیی جێبهێڵین و هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆر بکێشین بۆ گەیشتن بە ئامانجە دیاریکراوەکانمان. دڵخۆشیی داواکارییت؟ پێویستە کاری زۆر بکەیت بۆ گەیشتن بە دڵخۆشیی و ئاسوودەیی و بەدەستهێنانی خەونەکانت.

## پوختەی قسەکان:

کۆمەڵگە و نەتەوەکان پێویستیان بە کەسانی ورەبەرزە، لەبەرئەوەی ئەوانن کە بارودۆخ و بژێویی باشتردەکەن و بەخشینیان زۆر زیاتر دەبێت لە کەسانی تر، چونکە ئەوان بنیاتنەری ژیانن و کاریگەرییان هەیە.

مالیک گوتی: (دەست بە بەرزترین و باڵاترینی شتەکانەوە بگرە و خۆت بپارێزە لە کارە بێبەهاکان، چونکە خودای گەورە باڵاترینی شتەکانی خۆشدەوێت و ڕقی لە بێبەهاکانە).

## "بە ڕاستیی خودای گەورە حاڵی گەلێک ناگۆڕێت، تا ئەوەی نەفسی خۆیان نەگۆڕن".

کاتێک لە قۆناغی دواناوەندیی بووم لە خوێندن تێنووسێکی تێبینیم لابوو، کە ئەو حیکمەتانەم تیادادەنووسی کە درکم پێنەکردبوون ئەو کات، بەڵام لە عەقڵم جێگیرببوون. (دەتوانیت جیهان بگۆڕیت، بەڵام سەرەتا لە خۆتەوە دەستپێبکە). بەداخەوە زۆرێک لە ئێمە خەتا لە بەختی دەگرێت بەهۆی قورسیی ژیان و تێچوونە زۆرەکەیەوە، کە ئێستا هەیەتی، لە تێڕوانینی ئەوان هەموو شتێک خراپدەبێت، لە خراپ بۆ خراپتر، بەشێکی تر دەگریت بۆ پاشماوەی مێژووی گەلەکەمان کە ڕۆژبەڕۆژ خراپتردەبێت، بەشێکی تر تەنها ڕۆژەکە ڕێدەکات نیشتیمان و گەل و مێژوو هیچ بەهایەکی نییە. بە واتایەکی تر هەموو کەس چاوەڕوانی دارە جادوویەکەیە "داری گۆڕانکاریی" ئەو دارەی هەموو شتەکان ڕێکدەخات، چارەسەری کێشە و قەیرانەکان دەکات. هەموو ئەو کێشانەی کە کۆمەڵگا ڕۆژانە پێی تێپەڕ دەبێت، هەروەها زۆرێک لە ئێمە چاوەڕوانی کەسە نەناسراوەکە دەکەین، ئەو کەسەی کە سەرۆکێکە ئامانجی وەفایە و خاوەنی ئەو دارە جادووییەیە کە پێشووتر باسمانکرد. کاتێک نزیکی کاتی هەڵبژاردنە لە چایخانە و کافێیەکان دادەنیشت سەیری کەسە سادەکان و قسەکانیان دەربارەی

پاڵێوراو "پاڵێوراوە ڕزگارکەرەکە" دەکەیت، بە تایبەتمەندییە گەورەکانی، ئەو کەسەی کە ڕزگارماندەکات لە ونبوونی خۆمان و خەونەکانمان و زۆربینە لەسەر ئەوە هاوڕادەبن "هەڵیدەبژێرین، تەنانەت ئەگەر لە خۆمان نەبێت".

شتێکی باشە ببینین هۆشیاریی گەل لە زیادبووندایە لە کاتێکدا کە لە حاڵەتی خەودا بوو، لە دوای ئەوەی کە ئەم گەندەڵکارییە وێرانکەرە ئەوەی توانی بەدەستیهێنا و کۆمەڵگەی وێرانکرد. کوڕی بەڕێوبەر دەردەچێت لەبەرئەوەی کە کوڕی بەڕێوبەرە! کوڕی خێڵە گەورەکەش هەموو هەڵیدەبژێرن تەنها لەبەرئەوەی کە یەکێکە لە ئامۆزاکانیان! کارمەندە گەندەڵەکە پلەی بەرزدەبێتەوە تەنها لەبەرئەوەی دۆستی هاوسەری بەڕێوبەرە! ئەم گەندەڵکارییە یەکێکە لە هۆکارەکانی لەناوچوون و دواکەوتنی کۆمەڵگەی عەرەبیی بەم شێوەیە. هەروەها کاتێک هەموو کەس بە پاڵێوراوەکە "پاڵێوراوە ڕزگارکەرەکە" ڕازیدەبن و سەردەکەوێت بەهۆی دەنگەکانی ئەوانەوە، هەرگیز گۆڕانکاریی نابینین، لەبەرئەوە ساڵ لە دوای ساڵ دوورکەوتنەوە لە هەڵبژاردنەکان دەستیپێکرد و ڕێژەی بەشداربوون کەمیکرد. لە کۆتاییدا هاوڵاتییەکان درکیانکرد کە چارەسەر لە هەڵبژاردندا نییە و دەتوانین بڵێین کە تووشی بێزاریی بوون، بۆ ماوەی سێ ساڵە نەمبینیوە باوکم سەیری کەناڵەکانی هەواڵ بکات، بیرم نایەت کەی کۆتاجار بوو کە لەگەڵ هاوپیشەکانم قسەمان لەسەر سیاسەت و بارودۆخی ئێستا کردبێت.

هەروەها ئەوانەی لە چایخانەکان دادەنیشن گفتوگۆکانیان لە سیاسەتەوە بۆ خولی تۆپی پێ و تۆپی پێ گۆڕدراوە، ئەم بارودۆخەی پێیگەیشتووین پیشانماندەدات کە گۆڕانکاریی بەو ئاسانییە نییە، بەڵکوو زۆر ئاڵۆزترە.

ئێمە وەک ئەو کەسە واین کە بە دوای سویچی سەیارەکەی دەگەڕێت لە گەڕەکی ئەولا لە کاتێکدا سویچەکە لە چەکمەجەی خۆیەتی لە ماڵەوە. زۆرێک لە ئێمە بەهۆی قورسیی ئەو بارودۆخەی ئێستا، لەبیریکردووە کە ڕێچارە ئاسانە و لە ناخی خۆیدایە.

دەروونی مرۆڤ پاڵنەری خراپە و چاکە لەخۆدەگرێت، سیستەمی دەروون و ڕێسا مرۆییەکانی بۆ زۆربەی خەڵک یەکە، چونکە ئەو سیاسەتمەدارەی کە ئێمە ڕقمان لێبوو، زۆرێک لە ئێمە هەمان کاریدەکرد ئەگەر هەلی ئەوەی هەبایە کە گەندەڵەکان دەیکەن. چەند لە دکتۆری گەندەڵ پارە لای لە پێش هەموو شتێک و تەندروستیی نەخۆشیشەوەیە، چەند بەڵێندەری گەندەڵ پارە لای لە پێش گیانی مرۆڤە و ویژدانی بەکارناهێنێت و بە هەرزانترین کەرەستە دروستیدەکات. هەروەها چەند مامۆستا کەمتەرخەم دەبێت لەپێناو ئەوەی کە قوتابییەکانی وانەی تایبەت وەربگرن، نموونە زیاتر و زیاتر دەبن. تەندروستیی و فێربوون و جێگەی نیشتەجێبوون لە سادەترین مافەکانمانن کە داوایاندەکەین، لەبەرئەوەی کاتێک

دکتۆر و ئەندازیار بەزەییان بە حاڵی ئێمە نایەتەوە و مامۆستا لە خودا ناترسێت بەرانبەر منداڵەکانمان، چۆن ئەو کۆمەڵگەیە دەتوانێت خۆڕاگربێت و گەشەبسەنێت؟ ئێمە ڕۆڵەی یەک نیشتیمانین و بەزەییمان نییە بەرانبەر یەکتر، کەواتە چۆن دەتوانین داوای بەزەیی لە کەسانی تر و سەرۆکەکانمان بکەین. ئازیزی دڵان (سەلامی خودای لەسەربێت) فەرموویەتی: (ئێوە چۆن بن بەم شێوەیە فەرمانڕەوایەتییدەکرێن). واتە سەرکردە بە هەمان شێوەی خەڵکەکەیەتی. مەبەست لەم قسەیە بریتییە لەوەی کە ئێمە کێشەیەکمان دیارییکردووە کە هەمووومان پێی تێپەڕدەبین، بە واتای کەمسەیرکردن و ئیدانەکردنی گەل نایەت و ناڵێین هەموو کەس خراپە، ڕێچارەکان سادەن و زۆر لە کاتی ئێمە نابات. هەروەها هەڵەکردن شەرمی ناوێت، لەبەرئەوەی هەموومان هەڵەدەکەین و کاری ڕاست دەکەین، ژیانیش هەموو کات لە گۆڕاندایە، بەڵام شەرم ئەوەیە کە ئێمە پێداگریی لە هەڵەکەمان بکەین. کەواتە ئەگەر هەر یەکێک لە ئێمە هەستا بە چاککردنی هەڵەکانی و سەرزەنشتی خۆی کرد، لە کارەکەمان لە خودا ترساین و ڕزقی حەڵاڵمان پەیداکرد، بەزەییمان نواند لە نێوان یەکتردا، ئەوا کێشەکان کەمدەکەن و بارودۆخ دەگۆڕێت.

گرنگترین مەرجی هەستانەوە و وەستانی کۆمەڵگە بریتییە لە بەزەیی و بوونی پەیوەندیی هەمیشەیی لە نێوان تاکەکانیدا. هەروەها خۆشەویستیی کۆمەڵگەیەکی بەهێز دروستدەکات کە هەرگیز

نابەزێنرێت. ژیانکردن لە ناو ئەو کێشە ترسناکانەی کە ئابووریی دەوڵەت و گەلی ماندووکردووە، بەردەوام لە زیادبووندایە و چارەسەری ئاسانە، ئەویش هاوکارییکردنی تاکە لە نێوان یەکتر، لەبەرئەوەی دکتۆر دەتوانێت لە بری ئەوە کە پارەی پشکنین زیادبکات، کەمیبکات. هەروەها ئەندازیار و مامۆستا. ئەو کات دەبینین کە کێشەکان خۆیان نامێنن. هەروەها ڕێچارەی دووەم، بڵاوکردنەوەی ئەمانەیە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ئەو کات دوای ماوەیەک دەبینین کە دکتۆر پشکنین بۆ کەمدەرامەتەکان بەبێ بەرانبەر دەکات. هەروەها دەبینین خاوەنی سەمونخانە ئاگاداریی داناوە و نووسیویەتی: "سەمون ببە ئەگەر پارەت لا نییە". دەبینین لە فیستیڤاڵی خوێندنەوە، خاوەنی کتێبخانە ئاگاداریی داناوە و نووسیویەتی: "نرخی کتێب بریتییە لە خوێندنەوەی پێشەکیی کتێب". هەروەها چالاکیی خەڵک دەبینین لە دابەشکردنی پێداویستیی بەسەر خەڵکی هەژار کە کارێکی زۆر ناوازەیە و دڵ ئاسوودەدەکات. لەم هەمەچەشنە چالاکییانە ئەگەر لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوبکرێتەوە دەبێتە هۆکارێک بۆ گۆڕینی زۆرێک لە تاکەکانی کۆمەڵگە و ئەو کەسەی لە توانایدابێت لە بواری خۆی ئەنجامیدەدات.

لە تێڕوانینی هەندێک کەس ئەم کارانە بێهوودەن و نابنە هۆی پێشکەوتن و دواکەوتن. لە ڕاستییدا لەوانەیە ئەم چارەسەرانە زۆر کاریگەر نەبن، یان گۆڕانکارییەکی گەورە دروست نەکەن، بەڵام

دەبێتە هۆی دروستبوونی خۆشەویستیی و بەزەیی لە نێوان خەڵک و کەمێک لە ناخۆشیی ئەم بارودۆخە کەمدەکاتەوە. بەهیوای ئەوەی کە کۆمەڵگە هەنگاوبەهەنگاو لەم کێشە و خراپیە ڕزگاریببێت.

خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوۡمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُواْ مَا ﴾ الرعد: ١١

واتە: (( خوای گەورە هیچ گەل و هۆزێک ناگۆڕێت تا بەخۆیان خۆیان نەگۆڕن.))

**پوختەی قسەکان:**

گاندی دەڵێت: (پێویستە تۆ ئەو گۆڕانکارییە بیت کە بۆ جیهانت دەوێت). پلانێک دابنێ بۆ ئەوەی ژیانت بەرەو باشتر بگۆڕیت، لەبەرئەوەی جیهان ناگۆڕێت، ئەگەر خۆت نەگۆڕێیت.

## ئەی ئەگەر ڕێگەنەدان لە لایەن خوداوە بێت؟

پیاوێک کە دەچووە شارێک، کاتێک هاوسەرەکەی کوڕی بووبا و لە ئەسپەکانی بەرهەمی هەبا، دەیگوت: ئەم ئایینە چاکە، خۆ ئەگەر ئەمانە ڕووی نەدابایە، دەیگوت: ئەم ئایینە خراپە. ابن ابي حاتم، لە ابن عباس دەگێڕێتەوە و دەڵێت: عەرەب دەهاتن بۆ لای ئازیزی دڵان (سەلامی خودای لەسەربێت) موسڵمان دەبوون، کاتێک دەگەڕانەوە شاری خۆیان، ئەگەر ساڵێکی باراناوی و بەپیت و بەرەکەت و منداڵی چاکیان بەرێکردبا دەیانگوت: بە ڕاستیی ئەم ئایینەمان خێر دەهێنێت دەستی پێوەبگرن، خۆ ئەگەر وشکەساڵیی و ساڵێکی دوور لە بەرەکەت و منداڵی باشیان بەڕێ نەکردبا دەیانگوت: ئەم ئایینەمان هیچ خێرێک ناهێنێت. خودای گەورە وەحی بۆ پەیامبەرمان (د.خ) نارد:

﴿ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَعۡبُدُ ٱللَّهَ عَلَىٰ حَرۡفٖۖ فَإِنۡ أَصَابَهُۥ خَيۡرٌ ٱطۡمَأَنَّ بِهِۦۖ وَإِنۡ أَصَابَتۡهُ فِتۡنَةٌ ٱنقَلَبَ عَلَىٰ وَجۡهِهِۦ خَسِرَ ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةَۚ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلۡخُسۡرَانُ ٱلۡمُبِينُ ﴿١١﴾ ﴾ الحج: ١١

واتە: ((دەشتنشینەکان دەهاتنە خزمەت پێغەمبەری خوا - صلی الله علیه وسلم - وە موسڵمان دەبوون و دەگەڕانەوە شوێنی خۆیان، ئەگەر باران و بەروبوم و منداڵیان زۆر بوایە دەیانوت دینەکەمان دینێکی

چاکەو بەردەوام دەبوون لەسەری، وە ئەگەر وشکەساڵی و بێ بەرهەم و بێ منداڵ بوونایە دەیانوت دینەکەمان خێری تیادا نیەو پاشگەز دەبوونەوە، خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند: وە لەناو خەڵکیدا کەسانێك هەن کە عیبادەتی خوای گەورە ئەکەن لەسەر گومان و دامەزراو نین، ئەگەر خێرێکی دونیایی لە خۆشگوزەرانی و لەشساغی تووش بێت ئەوە جێگیر ئەبێ و دڵنیا ئەبێت لەسەر دینەکەی و بەردەوام ئەبێت بەڵام ئەگەر تووشی نەخۆشی یان نەبوونی بێت ئەوە هەڵئەگەڕێتەوەو دەستبەرداری دینەکەی ئەبێت و پاشگەز ئەبێتەوەو بەرەو کوفر ئەچێت، کە بەهۆی ئەمەوە دونیاو قیامەت لەدەست ئەدات و زەرەرمەند دەبێت، کە ئەمەش بە دڵنیایی زەرەرمەندیتی ڕوون و ئاشکرایە.))

## _ ئەی ئەگەر ڕێگەنەدان لە لایەن خوداوە بێت؟

زۆرێک لە ئێمە نوقمی ئاوات و خەونەکانی دەبێت کە کار و ئەوپەڕی توانامان دەخەینەگەڕ بۆ بەدەستهێنانیان. سروشتی مرۆڤ وایە کە کەمێک دوورە لە واقیع و خوازیاری نموونەیە. ئەمەش هیچ شەرمی تێدا نییە، بەڵکوو یەکێکە لە مافەکانی مرۆڤ کە دەیەوێت ژیانێکی شایستە بژی. بەڵام هەندێک کەس تووشی شۆک دەبێت کاتێک لە ئیشەکەی دەردەکرێت، یان لە تاقیکردنەوە شکستدەهێنێت. هەروەها زۆرێک لەو کارانەی کە خوازیارین بەدەستیبهێنین لە ژیان بەدەستی ناهێنین، بەڵکوو شتێکی تر بەدەستدەهێنین بەهۆی چارەنووسەوە. هەمووومان زۆر کاردەکەین بۆ باشترکردنی بارودۆخی ماددیی و کۆمەڵایەتییمان، خەم زۆر دەخۆین کاتێک کار، یان پارەکەمان لەدەستدەدەین. کەواتە مرۆڤ هەر لە سەرەتاوە خوازیاری بەدەستهێنانی شتە باشەکانە بۆ خۆی. هەندێک کەس دەتوانێت بارودۆخێ پڕ لە خەمی تێبپەڕێنێت و هەندێک کەس ناتوانێت و تووشی نائومێدیی دەبێت و ژیانی کۆتاییدێت. لە سەرەتای ڕوودانی زۆر ناخۆشە، بەڵام داهاتوو چی بۆ ئێمە شاردووەتەوە؟ ئایا ئەوەی تووشیبووین خێری تێدایە، یان خراپە؟ دەرکردنم لەسەر کار خێری تێدایە، یان خراپە؟ شکستهێنانم

لە تاقیکردنەوەی مۆڵەتی شۆفێریی خێری تێدایە، یان خراپە؟ شکستهێنانم لە پەیوەندیی خۆشەویستیی خێری تێدایە، یان خراپە؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە پشت بە چیرۆکی پیاوچاکان دەبەستین بۆ بەدەستهێنانی وەڵامی ئەم پرسیارانە و پەندوەرگرتن لەبەرئەوەی کارێکی ئەستەمە دۆزینەوە و زانینی وەڵام بەبێ ئەوەی پشت نەبەستین بە ئەزموونەکانی ڕابردوو.

کێ لە ئێمە گوێبیستی چیرۆکی خضر و موسا (سەلامی خودای لەسەربێت) نەبووە؟ کاتێک موسا (سەلامی خودای لەسەربێت) هاوڕێی خضری کرد، بۆ ئەوەی لە ئەو و زانستەکەی فێرببێت. هەروەها کاتێک سواری کەشتییەکە بوون، سەرنشینی کەشتییەکە پێشوازیی لێکردن، بەڵام سەرەڕای ئەم چاکەیە، خضر کەشتییەکەی کونکرد. موسا (سەلامی خودای لەسەربێت) فەرمووی: کەشتیەکەت کونکرد تا سەرنشینەکانی نوقمبکەیت! بە ڕاستیی کارێکی خراپ و ناشایستەت ئەنجامدا. دواتر منداڵێکیان بینی و خضر (سەلامی خودای لەسەربێت) کوشتی. موسا فەرمووی: کەسێکی بێگوناهت کوشت، بەبێ ئەوەی کەسێکی کوشتبێت. بە ڕاستیی کارێکی خراپ و ناڕەوات ئەنجامدا. دواتر گەیشتنە گوندێک کە میوانداریی‌یان نەکردن و خواردنیان پێ نەبەخشین. دیوارێکیان بینی کە خەریکبوو بڕوخێت، بەڵام خضر هەستا بە چاککردنەوەی. موسا فەرمووی: ئەگەر ویستت لەسەری کرێیەکت وەردەگرت لە پای چاککردنەوەی.

ئەوەی کە ڕوویدا لەگەڵ موسا (سەلامی خودای لەسەربێت)، هەروەها ئەو بارودۆخە گەورەی سەرسوڕمان و ئەو پرسیارانەی کە لە مێشکی دەهاتن و دەچوون دەربارەی کوشتن و کونکردن و چاککردنەوەی دیوارەکە، هەمان شتە کە ڕۆژانە لەگەڵ ئێمە ڕوودەدات، لەبەرئەوەی شکستت لە مۆڵەتی شۆفێریی لەوانەیە بووبایە هۆی لەدەستدانی گیانت. دەرکردنت لە پیشەکەت دوور لە ویستی خۆت، لەوانەیە هۆکارێک بێت بۆ ئەوەی لە داهاتوودا ببیتە خاوەن کۆمپانیای خۆت. لەدەستدانی کەسێکی ئازیزت لە ژیاندا بە باشتر قەرەبووەکرێتەوە، هەر وەک چۆن لە چیرۆکی خضر ڕوویدا کەشتییەکەی کونکرد، بۆ ئەوەی پاشا زاڵمەکە نەیبات. منداڵەکەی کوشت، بۆ ئەوەی خوا منداڵێکی باشتریان پێببەخشێت. دیوارەکەی چاککردەوە، بۆ پاراستنیماڵی هەتیوەکان. دەتوانین ئەو بارودۆخەی پێیان تێپەڕدەبین بۆ سێ قۆناغ دابەشبکەین.

یەکەم: ڕووداوێک کە ڕوودەدات تۆ وەها بیردەکەیتەوە کە خراپە، بەڵام خودا بۆ تۆی ئاشکرادەکات و دەبینیت خێری تێدابووە.

دووەم: ڕووداوێک کە ڕوودەدات تۆ وەها بیردەکەیتەوە کە خراپە، بەڵام خێری تێدایە بۆ تۆ و خودا ئاشکرای ناکات. سێیەم: دوورخستنەوەی خراپەیە لە تۆ و تۆ پێی نازانیت. "بەزەیی و چاودێریی خودا هەمیشە بەسەرمانەوەیە".

## پوختەی قسەکان:

خودا بەرانبەر بەندەکانی بە بەزمییە. لەبەرئەوەی کاتێک لە لەوحەی مەحفوز چارەنووسی ئێمەی نووسیوە، خێری شتەکانی بە شاراوەیی نووسین و ناخۆشییەکانی بە ئاشکرا نووسین. تەنانەت ئەگەر ڕێگەی نەدایت بگەیت بەو شتەی کە خۆشتدەوێت، ئەوا خێری تێدایە. ئەم حیکمەتەت باش لەبیربێت "ئەگەر ڕێگەنەدان لە لایەن خوداوە بێت، ئەوا باشترین بەخشینە".

"هارونی برام لە من زمانپاراوترە".

ئازیزی دڵان (سەلامی خودای لەسەربێت) لە هەموو کەسێك بێفیزتر بوو. جوانترین چیرۆکی ئازیزی دڵان ، سەبارەت بە خاکەڕایی و بێفیزیی ئەو: ((ڕۆژێك خۆی و کۆمەڵێك هاوەڵی لە سەیران دەبن، فەرمان دەکات مەڕێك ئامادەبکرێت، هاوەڵێکی دەڵێت: ئەی پێغەمبەری خودا من سەریدەبڕم. یەکێکی تر دەڵێت: من پێستی دادەماڵم. ئەوەی تریان دەڵێت: من لێی دەنێم. پێغەمبەری نازدار دەڵێت: منیش چیلکە کۆدەکەمەوە. هاوەڵانی دەڵێن: ئەی پێغەمبەری خودا، ئێمە کارەکان دەکەین. خۆشەویست فەرمووی: دڵنیام دەتوانن کارەکان بکەن، بەڵام نامەوێت لە ئێوە جیابم، خودای گەورە پێی خۆش نییە، مرۆڤ خۆی لە هاوەڵانی بە باشتر بزانێت. ئیدی ئازیزی دڵان (سەلامی خودای لەسەربێت) هەڵسا و چیلکەی کۆکردەوە)).

خودی ئازیزمان (سەلامی خودای لەسەربێت) کە دەچووە ماڵێك، لە خوارووی هەمووان دادەنیشت. لە ماڵی خۆیدا یارمەیتی خێزانی دەدا و مەڕی دەدۆشی و جلی خۆی پینەدەکرد و پێڵاوی پاکدەکردەوە. خزمەتی خۆی دەکرد، کاڵا و شتومەکی خۆی دەکڕی و خودی خۆی هەڵیدەگرت. لەگەڵ هەژاران و کەسانی ئاساییدا دادەنیشت، لە کاتێکدا ئازیزی دڵان (سەلامی خودای لەسەربێت) مەزنترین دروستکراوی خودای گەورەیە.

بێفیزیی و خاکەڕایی، تەنها ڕازیبوون نییە بە هەق و ڕاستیی، بەڵکوو دوورگرتنیشە لە سەرپێچییکردن. لە بارەی بێفیزییەوە، چاکەکارێك دەڵێت: "واتە لەگەڵ خەڵکدا نەرمونیان بیت".

ئاستی مرۆڤەکان و ڕۆژییان یەکجار جیاوازن. وەك چۆن یەکێك کریکارە و ئەوی تر سەروەری کەس و کۆمەڵ و تیرەی خۆیەتی، کۆمەڵی ئەوتۆ هەیە بەدبەختن، کۆمەڵی ئەوتۆش بەختەوەر و کامەرانن. هەستیاریی مرۆڤەکان نکۆڵیی لێناکرێت. مرۆڤ هەیە، هەڵوێستێك، یان وشەیەکی ئەوتۆ کاریگەریی زۆری لەسەری دەبێت و تەنگییێهەڵدەچنێت.

بێفیزیی، دەروونەکان پاکژدەکاتەوە و پێکهاتەکانی کۆمەڵگە لەیەکتر نزیکدەکاتەوە، جیاوازیی چینەکان لا دەبات. شتگەلێکی ئەوتۆ هەن، زۆر ئاساییین، بەڵام گوێیان لێدەخەوێنین و خۆمانیان لێدەترازێنین. بۆ نموونە: ماوەی کاتژمێرێك گوێڕایەڵی گرفتەکانی کەسێك بیت، ئەگەریش بە دیدی تۆ گرفتێکی بێواتا بێت، هاوکاریی‌بکەیت، چیت لێ کەمدەبێتەوە؟ ئەو کاتژمێرەی لە سەردانی نەخۆشێکدا بەسەری‌دەبەیت، چ زیانێکت پێدەگەیەنێت؟

بێفیزیی و خاکەڕایی، تەنها پلە و پێگەی خاوەنەکەی بەرز ناکاتەوە، لە ناو تاکەکانی کۆمەڵگەشدا مایەی بایخپێدان و ڕەزامەندییە، کاریگەریی بەهێزترە و خەڵك گوێڕایەڵی دەبن. ئەوەی پۆشاکی

لەخۆبایی فرێبدات، دڵنیایی خەڵك بەدەستدەهێنێت و ڕێزی هەمووان مسۆگەردەکات.

ڕاستییەکەی، بێفیزی سیفەتی پێغەمبەرانە. کاتێك خودای گەورە ویستی پێغەمبەر موسا (سەلامی خودای لەسەربێت) بەڵگەی خۆی بە سەر فیرعەوندا بسەپێنێت، موسا پەنای بۆ براکەی خۆی برد: "هارونی برام لە من زمانپاراوترە، فەرمان بدە هاوڕا و پشتوپەنام بێت، دەترسم باوەڕمان پێنەکەن و بە درۆزنمان بزانن". پێغەمبەران هەردەم بێفیز و خاکەڕا بوون. سەرەڕای ئەوەی موسا خاوەنی بەڵگەبوو، کەچی براکەی لە خۆی شیاوتر دەبینی. لەبەرئەوە ئاساییە بڵێیت فلانکەس لە من باشترە. ئەوەی ئاسایی نییە لووتبەرزیی ناخت بگرێت و خودی خۆت دڵنیابیت کە هەڵەیت و کەچی بەردەوامبیت لە سەر هەڵوێستی هەڵە. لە چیرۆکی موساوە (سەلامی خودای لەسەربێت) کەسایەتیی فیرعەونمان بۆ دەخرێتەڕوو: "کەسایەتیی بەفیز و هەڵشە و ستەمکار". کاتێك ڕووی لە تاوانکرد و گوناه ناخی داگیرکرد، بێبڕوایی ئەو بەرانبەر بە خودا گەیشتە لووتکە، کەسایەتیی ئەو بەتەواویی دژیەکی کەسایەتیی خاکەڕایی موسا بوو. سەرەڕای ئەوەی پێغەمبەر موسا (سەلامی خودای لەسەربێت) لە ڕۆژی ڕازاندنەوە، بە سەر جادووبازنی فیرعەوندا سەرکەوت، سەرجەم بەڵگە و دیاردەکان سەلماندیان کە خودایەکی بێهاوتا هەیە و مەرگ و زیندووکردنەوە تەنها لە دەستی ئەودایە، بەڵام لەخۆبایی دیدی فرعەونی کوێرکردبوو، لەبەرئەوە خراپترین دەرئەنجامی هەبوو، دەرئەنجامێك کتێبەکانی مێژوو

یادداشتیانکردووە. چۆن ئەو فەرمانڕەوا ستەمکارە فەوتا و نە دارایی و نە دەسەڵاتەکەشی فریایکەوتن، چونکە دواجار هەق و ڕاستییەکان سەردەکەون.

## پوختەی قسەکان:

بێفیزیی سیفەتێکی پێغەمبەران و ڕاسپێردراوانە. مرۆڤ کە دەیەوێت لەسەر بنەمای چاکەکاریی لەگەڵ ئەوانی تردا بژی، پێویستە ئەم سیفەتەی هەبێت. بێفیزیی و خاکەڕایی دڵ ئارامدەکات و ئۆقرەیی دەبەخشێت. پێچەوانەی لووتبەرزیی و لەخۆبایی، کە دڵڕەقیی لێدەبێتەوە و خودی کەسەکە و کۆمەڵگەش دادەڕووخێنێت.

فەیلەسووفێک گوتوویەتی: متمانەت هەبێ کە دەنگی ئارام و لەسەر خۆ زۆر لە هاوارکردن بەهێزترە، خۆپاککردنەوە ناشرینی لادەبات و خۆبەکەمزانی غرور لەناو دەبا. ئەزیزەکەم خۆبەکەمزانبە، پەیکەری خۆبەگەورەزانی و غرورت تێکبشکێنە، " ئێمە هەموو وەک ددانەکانی شانە واین، وەک یەکین" ژیانیش کۆتایی دێت.

## ((ئایا ئەوانەی دەزانن و شارەزان، وەک ئەوانەن کە هیچ نازانن و شارەزاییان نییە؟))

دکتۆر موستەفا مەحمود، (ڕەحمەتی خودای لێبێت) لە وتارێکیدا دەڵێت: ((ئەگەر موسڵمانێك و کافرێك، بچنە ناو دەریاوە، بەدڵنیاییەوە ئەوەیان مەلەوانیی دەزانێت، ڕزگاریدەبێت. خودای گەورە هاوکار و یارمەتییدەری نەزان نییە و بەدڵنیاییەوە موسڵمانە نەزانەکە دەخنکێت و کافرە زاناکە ڕزگاریدەبێت.

زۆرییینەمان خواست و ئارەزووگەلێکی زۆرمان هەیە و لە خودا دەپاڕێینەوە بە ئەنجامبگەین، بە کۆمەڵێکی دەگەین و کۆمەڵێکیان لە دەستمان دەردەچن. دەبینین مرۆڤ کە خواستێکی ئەوتۆی هەیە و بە ئەنجام ناگات، لە خودا هەڵدێت و بەرانبەر بە ئایین قین هەڵدەگرێت. لەبیریدەچێت، کە پاڕانەوە و کارکردن پێکەوە پەیوەستن. ((هەندێك خەڵك هەیە تەنها لە یەك حاڵەتدا خواپەرستیی دەکات، ئەویش ئەو حاڵەتەیە، کە دونیا بە دڵی ئەو بێت. ئەگەر تووشی تاقیکردنەوەیك هات، سواری سەری خۆی دەبێت و هەڵدەگەڕێتەوە. بەو حاڵەتەی دونیا و قیامەت لە دەست خۆی دەدات و زەرەرمەندی هەردوولایە و هەر ئەوەشە خەسارەتمەند و زەرەرمەندیی ڕوون و ئاشکرا))

دواجار دەمەوێت بڵێم: دەبێت هانی هەمووان بدەین ڕوو لە پاڕانەوە و کارکردن بکەن، لە بەهای دوعا و پاڕانەوە کەم نەکەینەوە. دوعا

پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەندە و پەروەردگارە. ئازیزی دڵان (سەلامی خودای لەسەربێت) دەفەرمووێ: ((دۆعا موخی عیبادەتە)). ئەو پرسیارەی هەردەم ئاراستەم دەکرێت: خودا لەمەڕ هەموو ئەم شتانە چ هەڵوێستێکی هەیە؟ بۆچی لێی دەپاڕێینەوە و وەڵاممان ناداتەوە؟ وتارخوێنەکانمان لە ڕۆژانی هەینیدا، هەردەم لە وتارەکانیاندا دەپاڕێنەوە، کەچی هیچ گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ نییە.

مرۆڤ کە تووشی گرفتێکی ئەوتۆ دەبێت، خودی خۆی بێتاوان دەبینێت. دۆستۆیفسکی دەڵێت:((مانەوەی مرۆڤ لە نیشتمانەکەیدا زۆر باشترە، ئاخر مرۆڤ لەوێدا دەتوانێت ئەوانی تر تۆمەتباربکات و خودی خۆی بێگوناه بکات))، پەندێکی کۆن هەیە لە داپیرمەوە بیستوومە: (( ئاگری بێدووکەڵ نییە)). دەسا ئەگەر خۆمان هەوڵی سەرکەوتن نەدەین، خودا چۆن سەرکەوتنمان پێ ڕەوا دەبینێت. ئەگەر هەوڵی گۆڕینی ئەم واقیعە نەدەین، چۆن سەردەکەوین؟ لێرەدا نامەوێت داچۆڕمە قووڵایی نەنگیی و نەرێنییەکانی کۆمەڵگەوە، هەمووومان دەیزانین، وەك بەڵگە چیرۆکی مەریمی عەزرا دەکەوێتەوە یادم، کاتێك بە عیساوە (سەلامی خودای لەسەربێت) سکی پڕبوو، خودای گەورە فەرمانی پێکرد کە چڵی دارخورماکە ڕابووەشێنێت، خۆرما بە سەریدا دادەبارێت. دەکرا بەبێ ئەوەی چڵی دارخورما ڕابووەشێنێت، خورماکە بکەوتایەتە خوارەوە، بەڵام سەرەڕای دۆخە ئەستەمەکەی، خودای گەورە دەیویست خۆی هەوڵبدات. واتە ڕێگەی هۆکار بگرێتەبەر. کەواتە کە هەوڵیدا شتی دەستکەوت. بەڵگەیەکی

تر، سەرجەمی پێغەمبەران بۆ مسۆگەرکردنی بژێوییان پیشەی جۆراوجۆریان هەبووە. پێغەمبەر داوود (سەلامی خودای لەسەربێت) شوانیی کردووە و دواتر لە بواری بازرگانییدا کاری کردووە. هەمان شت ئازیزی دڵان (سەلامی خودای لەسەربێت) سەرەتا شوان بووە و پاشان بازرگانیی کردووە. هەموویان سەلماندوویانە کە هەوڵدان بە دووی ڕۆزییدا یەکجار گرنگە و نابێت لە ژێر هیچ بیانوویەکدا پشتگوێبخرێت. ڕاستییەکەی، خودای گەورە لەمەڕ کارکردن و هەوڵدان، فەرمانی کردووە: ((بەو خەڵکە بڵێ: ئێوە هەرچی دەتوانن لە کار و کردەوە ئەنجامیبدەن، چونکە خودا کار و کردەوەتان دەبینێت و ئاگادارە بەنهێنیی و ئاشکرای. هەروها پێغەمبەرەکەشی ئاگادارەکات کاتێك لە ژیاندایە. دوای وەفاتیشی بۆ خودای گەورە ئاسانە کە پیشانیبدات)).

واتە نەیگوتووە تەنها بپاڕێنەوە و کار مەکەن. هەموو هۆکارێك ئەنجامێکی هەیە، ئەگەریش دەتەویت ئەنجامگەلێکی بەسوودت دەستبکەوێت، دەبێت هیلاکیی و هەوڵدانێکی زۆر بگریتەبەر. خودای گەورە قینی لەو بەندەیە گوفتاری هەیە و کرداری نییە. لەبەرئەوە دەبینین کۆمەڵێك گوللە بە تاریکییەوە دەنێن و دەڵێن: لەمێژە موسڵمانان لە خودا دەپاڕێنەوە، کەچی خودای گەورە وەڵامیان ناداتەوە! ئاخۆ خودای گەورە چۆن وەڵامی کەسی تەمبەڵ دەداتەوە؟ پاکیی و بێگەردیی بۆ خودای گەورە. وەك پێشتر باسمانکرد، ئێمە ئەگەر لایەنگریی هەق و ڕاستیی نەبین، بۆ سەرکەوتنمان

هەنگاوەکانی گۆڕانکاریی نەبڕین، خودای گەورە هەرگیز سەرکەوتنمان پێ ڕەوا نابینێت.

((خەشم و ڕقێکی گەورەیە لای خودا ئەوە کە دەیڵێن و نایکەن)).

## پوختەی قسەکان:

زانا لای خوای گەورە لە خواپەرست باشترە، چونکە بەرهەمی زانا بۆ خەڵکە، کەچی بەرهەم و هیلاکیی خواپەرست بۆ خودی خۆیەتی. پاڕانەوە و کارکردن، هەردوو یەکتری تەواودەکەن. لەبەرئەوە چاوت لە کارەکەت بێت و بیپارێزە و بە عیبادەت و پاڕانەوە پاڵپشتییبکە، چونکە هیچ ئەرك و کارێکی ئەوتۆ، بەبێ هاوکاریی خودا ئەنجامی نابێت.

## ((بە ڕاستیی تۆ لەسەر ڕەوشت و خوویەکی زۆر جوان و پەسەند و بێوێنە و مەزنیت)).

ڕۆژێك لە ڕۆژان، پیرەژنێك بە تەنها دوور لە مەککەی پیرۆز دەژیا، باوەڕی بە ئازیزی دڵان (سەلامی خودای لەسەربێت) نەبوو. تەنانەت یەکجار قینی لێ هەڵگرتبوو. سەرەڕای ئەوەی نەیبینیبوو، بەڵام گوێبیستی کافرەکان بوو. درۆ و بوختانی بۆ هەڵدەبەست. ڕۆژێك پیرەژنەکە دەچێت بۆ مەککە شتومەك بکڕێت، بارەکەی قورسدەبێت و ناتوانێت هەڵیبگرێت، داوا لە چەند بەندەیەك دەکات پارەی لێوەربگرن و هاوکارییبکەن، بەڵام هیچکەیان ڕازی نابن. دواجار پیاوێك دێت بۆ لای و هاوکاریی خۆی دەخاتەڕوو. پیرەژنەکە دەڵێت: ئەم چاکەم لە گەڵدا بکە، من پیرەژنێکم و ناتوانم شتومەکەکانم هەڵبگرم. پیاوەکە شتومەکەکانی پیرەژنەکە هەڵدەگرێت و ڕێگەدەبڕێت، بەبێ قسەکردن و نواندنی تەمبەڵیی، سەرەڕای دووریی ڕێگەکە، هەتاماڵی پیرەژنەکە دەچێت. دواجار پیرەژنەکە بە پیاوەکە دەڵێت: ڕۆڵە من شتێکی ئەوتۆم نییە، وەك کرێی خۆت پێتبدەم، بەڵام ئامۆژگارییەکی گرنگت دەکەم. پیاوەکە دەڵێت: فەرموو بڵێ. گوتی: پیاوێك لە مەککەیە و ناوی محەمەدە، بانگهێشتی پێغەمبەرایەیتی دەکات، پێی ڕازی نەبیت، کەسێکی درۆزن و جادووبازە. ئازیزی دڵان (سەلامی خودای لەسەربێت) دەڵێت: چ دەڵێیت ئەگەر من خودی ئەو محەمەدە بم؟ ئیدی پیرەژنەکە دەڵێت: شایەتیی دەدەم بێجگە خودا خودایەکی تر نییە و محەمەد پێغەمبەری خودایە.

لە زمانی عەرەبییدا، وشەی (أخلاق) کۆیە و تاکەکەشی (خلق)، واتە کۆمەڵە سیفەتێکی دەروونیی مرۆڤ و ئەو کردارانەی کە دەشێت چاکبن، یان خراپبن.

ڕەوشت لەو پەیوەندییانەیە کە کۆمەڵگە پێویستی پێیەتی. ئەستەمە هەر کۆمەڵگەیەکی ئەوتۆ بەبێ ڕەوشت و ئاکار بونیاتبنرێت. خودی ڕەوشت، دەتوانێت ترازووەکان و ڕاست و هەڵەی ڕەفتاری مرۆڤ دیارییبکات. مرۆڤی کارا، تەنها لە ڕێگەی ڕەوشتی تەندروست و بەرزەوە پەروەردەدەبێت. لە ڕێگەی ڕەوشتەوە مرۆڤ دەبێتە تاکێکی چاکەکاری کۆمەڵگەکەی. ڕاستییەکەی کاریگەریی ڕەوشتی بەرز لە سەر کۆمەڵگە یەکجار ئەرێنییە. ڕۆڵەکانی کۆمەڵگە پێکەوەدەبەستێتەوە و خۆشەویستیی و ئاشتیی لە نێوانیاندا بڵاودەکاتەوە. بۆ نموونە: دەتوانیت لە گەڵ هاوەڵێکتدا بدوێیت و بە ناوێك بانگیبکەیت، کە ئەو پێیخۆشە و دووربگریت لەو گوفتارانەی کە پێیان زیزدەبێت. تەنانەت قورئانی پیرۆز گرنگیی بەم بابەتە داوە و ئاماژەی بۆ کردووە: ((ناو و ناتۆرەی ناشیرین بۆ یەکتر دامەتاشن، ئای کە چەند ناشیرنە ناو و ناتۆرەی خراپ لە دوای باوەڕهێنان و موسڵمانبوون!) واتە: تانە لە یەکتری مەدەن.

مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵکدا، ئەستەم و ئاڵۆز نییە، سەرەڕای ئەوەی کە وای دەبینین. کۆمەڵە بنەمایەکی ساکار هەیە، ئەگەر ڕچاویانبکەین، کاروبارمان ئاساندەبێت. بۆ نموونە: گوفتاری چاك و

هەڵکسوکەوتی شیاو و کرداری باش، هەموو وێنایەکی پەسەند لە خەیاڵ و هەڵسەنگاندنی ئەوانی تردا گەڵاڵەدەکەن، دەیسەلمێنن کە ئەو کەسە مرۆڤێکی چاکەکار و خاوەن ڕەوشتە. ئێمە کە ڕەوشتێکی بەرزمان هەبوو، خودی خۆمان و کۆمەڵگەش سوودمەند دەبین. ڕاستییەکەی ڕەوشتی بەرز، دەروونەکان ئارامدەکاتەوە و ئۆقرە بە دڵان دەدات. ئەوانەی ڕەوشتی بەرزیان نییە، کەسگەلێکی تووڕەن، هەردەم قینیان لە هەمووانە، لەبەرئەوە خەڵك دووریان لێدەگرێت و ئارامیی ڕوویان لێناکات. لە لایەنە ئەرێنییەکانی کەسی بەڕەوشت، دەتوانین چاوپۆشیی لە هەڵەکانی بکەین، لەبەرئەوە دەبینین باوکان کچانی خۆیان لە گەنجگەلێکی هەژار و بەڕەوشت مارەدەکەن. تەنانەت ئەو خوێندکارەی هەڵەدەکات، دەتوانین لێیببورین، لە سەر بنەمای ئەوەی کە ڕەوشتی بەرزی هەیە. خۆشەویستانم، ڕەوشتی بەرز، سیفەتگەلێکی یەکجار کاریگەرە و ئەوەی ڕەوشتی بەرزی هەبێت، هەردەم خۆشەویستە و شایستەی ڕێزلێگرتنە.

## پوختەی قسەکان:

هەر تاکێکی ئێمە پێشەنگی خێزان و هاوەڵان و کەسوکاری خۆیەتی، لەبەرئەوە دەبێت چاومان لە گوفتار و وتووێژمان بێت، گوفتاری باش وەك درەختی بەرهەمدارە، کرداری چاکی لێدەکەوێتەوە و کاریگەرییەکی ئەرێنیی لە سەر کۆمەڵگە هەیە و پەیوەندییەکانی نێوان کۆمەڵگە بەهێزدەکات. لەبیرمان نەچێت، گرنگترین سیفەتی پێغەمبەری نازدارمان، ڕەوشتبەرزیی بووە. وەك چۆن خودای گەورە دەفەرموێت: ((ڕاستییەکەی تۆ ڕەوشتێکی یەکجار بەرزت هەیە)).

## ((بێگومان ئێمە دەزانین ئەو شتانە دڵت توونـد دەکات))

دکتـۆر موسـتەفا مەحمـود لە کۆتـا نامەیـدا دەڵێـت: دەروونـی مرۆڤەکـان شـێوەی لە دەریـا دەچێـت، دەریـا لە دەرەوە سـەیری بکـە شینێکی زۆر جوان و ڕوون، شەپۆلی ئارامە و لەسەرخۆیە. بەڵام لە ناوەوەیدا پـڕە لە چەنـدەها گۆڕانکـاری و ململانـێ و گیانـداری جۆراوجۆر، بەجۆرێـک لە ڕووی دەرەوەی زۆر جیـاوازترە. دەروونـی مـرۆڤیش بەو شـێوەیە نـاوەڕۆک و دەرەوەی زۆر لەیەکتـر جیـاوازە. ساناترین نموونەش ئەو بارودۆخەیە کە تیایدا ڕووبەرووی دۆخێکی خەمنـاک دەبیتەوە، لە نـاخەوە تووڕەبوون هێرشت بۆ دەهێنێ، بەڵام وای نیشـان دەدەی کە لەسـەر خۆیـت، بە جۆرێـک کە هەر ڕووی نەداوە. بەوجۆرە ئێمە نازانین دەروونی بەرانبەرەکەمـان بەرانبەر ئێمە چۆنە؟ ڕەنگە کەسێک بەڕووتدا پێبکەنێ بەڵام لەژێرەەر بیەوێ چاڵت بۆ هەڵکۆڵێ. ڕەنگە بیەوێ بە چەندان ڕێگا ئازارت بدات، لەکاتێ تۆ سەرسامبیت بە گوفتارەشیرین و جوانەکەی. پەروەردگار نمـوونەی جوانمـان لە قورئـانە شـیرینەکەی بـۆ دەهێنێـتەوە، دەفەرمووێ:

﴿ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يُعۡجِبُكَ قَوۡلُهُۥ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَيُشۡهِدُ ٱللَّهَ عَلَىٰ مَا فِي قَلۡبِهِۦ وَهُوَ أَلَدُّ ٱلۡخِصَامِ ٢٠٤ ﴾

البقرة: ٢٠٤

واتە: (( لەناو ئادەمیدا کەسی وا هەیە کە وتە و وتاری لەم ژیانەدا سەرسامت دەکات، خوا دەکاتە شایەد بەسەر ئەوەی کە لە دڵیدایە، کەچی لە دژایەتیکردندا زۆر سەرسەخت و ڕکەبەرە)).

هەندێ کەس هەن قسە و گوفتار و دەمپاراوییان لە بارەی ژیانی ئەم دنیایەوە سەرسامت دەکات، خوایش بە شایەت دەگرێت و دەڵێت: دڵ و زمانم لە ئاستتدا وەکو یەکە، لە کاتێکدا ئەو سەرسەختترین کەسە لە هەموو جۆرە دوژمنایەتییەکدا.

"غیرە" شتێکە هەموو خەلک هەیەتی و ئینکاری ناکرێت. لە هەموو کەسێکدا بوونی هەیە، هەندێجار لەوانەیە سوودیشی هەبێت، بۆ نموونە: غیرەی دڵبەرێک لەسەر دڵدارێک، تاکو بیپارێزێ و ئافرەتی دیکە زەفەری پێ نەبەن. لەوانەشە هاندەربێ بۆ کەسێک کە بیەوێ بەرانبەرەکێیەکی شەریفانە لەسەر کار یان پیشەیەک لەگەڵ کەسی بەرانبەر بکات. تەنانەت خوێندنیش هەر ئاوایە. دەتوانین بڵێین غیرە پێویستە لە ژیاندا بۆ ئەوەی بتوانین بژین و مونافەسەی بکەین، بەڵام غیرەی زیاد لە پێویست، دەرەنجامی خراپی لێ دەکەویتەوە، بۆ نموونە: چیرۆکی یوسف (سەلامی خوای لەسەر بێت) نموونەیەکی گرنگە بۆ ئەو باسە، لەبەر ئەوەی باوکی گرنگی بە حەزرەتی یوسف دەدا، بۆیە برایەکانی غیرەیان پەیدا کرد و ڕق چوویە دڵیانەوە، بۆیە خستیانە ناو بیرەوە، هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی پەیوەندی خانەوادەیی تێک بچێت.

هەندێک خەڵک هەیە ڕقی لێمانە، لەبەر ئەوەی نییە هەڵەیەکمان کردبێ یان عەیبەکمان هەبێت، بەڵکو لەبەر ئەو تایبەتمەندییانەیە کە ئێمە هەمانە و، ئەوان هێشتا نەیانتوانیوە بەدەستی بێنن، حەزرەتی یوسفیش بەو جۆرە، لەبەر ڕەوشتی جوان و جوانییەکەی ڕقیان لێی بۆوە، قورئانیش لەم بارەیەوە دەفەرمووێ:

﴿ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يُعْجِبُكَ قَوْلُهُۥ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَيُشْهِدُ ٱللَّهَ عَلَىٰ مَا فِى قَلْبِهِۦ وَهُوَ أَلَدُّ ٱلْخِصَامِ ﴿٢٠٤﴾ ﴾

البقرة: ٢٠٤

هەموو کارێک دیوە دیار و نادیارەکەی هەیە. دیوی دیار لەلای هەمووان ئاشکرایە و ڕوونە، بەڵام لایەنە نادیارەکە لە ژوورەوەیە و لە نەفس هەڵگیراوە، ئەوەش کە خێرە یاخود شەڕە تەنیا خودا دەیزانێت. زۆرێک لەوانەی چاکەیان لەگەڵ دەکەین، بەرانبەرمان خراپ دەبن. زۆرێک لەوانەی پێماندا هەڵدەڵێن و سەنامان دەکەن، کەچی لە دواوە تانەمان لێ دەدەن. ژیان ئاوایە و هەمیشە شتگەلێکی ئاوا دەبینین.

گەلێ جار لەگەڵ برایەک یان هاوڕێیەکی ئازیز بەریەککەوتنی بەو جۆرە ڕوودەدات و تیری شەرمەزارکردنمان لەلای ئەوانەوە بۆ دێت و، لەلایەن نزیکەکانەوە دەپێکرێین.

بۆیە چاک وردبەوە لەو ئایەتە موبارەکە کە دەفەرمووێ:

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ وَلَقَدْ نَعْلَمُ أَنَّكَ يَضِيقُ صَدْرُكَ بِمَا يَقُولُونَ ﴿٩٧﴾ فَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ وَكُن مِّنَ ٱلسَّٰجِدِينَ ﴿٩٨﴾ ﴾ الحجر: ٩٧ - ٩٨

واتە: (( سوێند بە خوا ئێمە چاك دەزانین -ئەی موحەممەد- بەڕاستی دڵی تۆ تەنگ دەبێت بەو گوفتارە نابەجێیەی کە خوانەناسان دەیڵێن )).

(جا لە هەموو کاتێکدا، بە تایبەت لە کاتی دڵ تەنگیدا) تەسبیحات و سوپاس و ستایشی پەروەردگارت بکە و لە ڕیزی سوژدەبەران بە.

حەزرەتی سوڵتانی دڵان (سەلامی خودای لەسەربێت) دووچاری قسەی ناخۆش و ناشرین بووە و دڵتەنگ کراوە، بەڵام دەبینین خۆشەویست (سەلامی خوای لەسەر بێت) هەرگیز وەڵامی جنێو و ناشرینییەکانی نەداوەتەوە و گوێی پێ نەداوە.

ئازیزمان ئارامگری هەڵبژاردووە و پشتی بەخودا بەستووە.

هەر ئەوەش چارەسەری دڵتەنگی و دڵگوشینە.

کوردەواریش زۆر جوان فەرموویەتی -خوا هەر خۆی ساحێبە-

زۆربەی خەڵـــک بەهـــۆی ئەو ئاکارەبەرزەکـــانەی هەتە، تۆیـــان خۆشدەوێت. بەڵام هەنـدێکیش ڕقیـان لێـتە، نەک لەبەر ئەوەی تـۆ خراپیت، بەڵکو چونکە خاوەنی ئاکاری بەرزیت.!

دز ئاوات دەخوازێت تۆ وەکو ئەو دزی بکەیت.

بکوژێک ئاواتی ئەوەیە تۆ وەکو ئەو ببیتە بکوژ.

درۆزنیش حەز دەکات وەکو ئەو درۆ بکەی.

چونکە نییەتی خراپ هەمیشە لەناخیان دەخولێتەوە، هەر ئەمەش وا دەکات ڕقیان لە وشەی حەق و ئاکاری بەرزی تۆ ببێتەوە، بەڵکو تۆش وەکو ئەوان حەیا و حیشمەتت نەمێنێ.

## پوختەی قسەکان:

چاک بزانە هیچ کەس لە زمانی خەڵک پارێزراو نییە، هەرچی هەوڵ و کۆشش بدەیت، هەمیشە خەڵک شتێکت لێ دەدۆزنەوە کە پێی عەیبدارت بکەن. دۆستۆیڤسکی لە ڕۆمانی "برایانی کارامازۆف"دا دەڵێت:

(مرۆڤ هیوایەتیەتی کەسێکی باش و چاک ببینێت بکەوێت و حەیا و شەرەفی نەمێنێت)

تۆش کەسی ژیر، بەئارامگری و بەردەوامبوونی سەرکەوتنەکانت وەڵامیان بدەوە و بیانتەزێنە.

ئەوەی حەزرەتی موسای پاراست لە سوپای فیرعەون و دەریای بۆ کردن بە دوولەتەوە،

ئەوەی حەزرەتی ئیبراھیمی خەلیلی ڕزگارکرد لەنێو ئاگردا،

ئەوەی حەزرەتی یونسی لەنێو سکی نەھەنگدا ڕزگار کرد،

وا دەزانی تۆ لەبیر دەکات؟

نەفس لە نێو خۆیدا هەمیشە بۆ باشترین تێدەکۆشێ.

بەڵام ئێمە هەمیشە حیکمەتی خودا لەبیردەکەین، ئایا ئەوەی بۆی دەگرین، چاکەی ئێمەی تێدایە یان شەڕ؟

حیکمەتی خودا زۆر دادگەرە و هەمیشە بۆمان ڕوون دەکاتەوە ئەوەی بە خێر و خۆشیمان دادەنا، شەڕە و بە قازانجی ئێمە کۆتایی نایە. هەروەها پێچەوانەوەکەشی ڕاستە.

بۆیە لە حیکمەتەکانی خودا پەلە مەکە.

ڕووانینی ئێمە زۆر سنوورداره لە ئاست ڕووانینی پەروەدگار.

سوپاس پەروەرێ، بۆ ئەو چاکانەی کە لێت بەدوورگرتین لە کاتێ بۆمان شەڕبوون.

سوپاس پەروەرێ، بۆ ئەو شەڕانەی ئێمەت لێی بەدوورگرت لە کاتێ نەمادەزانی کە شەڕە.

﴿ وَكَانَ ٱلْإِنسَٰنُ عَجُولًا ﴿١١﴾ ﴾ الإسراء:

واتە: بەڕاستی ئینسان بە هەڵپە و هەڵەشەیە.

ئەگەرچی خێرابڕیاردان لە کارەکاندا لە سیفەتی مرۆڤەکاندا هەر هەیە، بەڵام هەوڵبدە نەرمونیان بیت و کۆنترۆڵی بکەییت.

﴿ وَٱصْبِرْ لِحُكْمِ رَبِّكَ فَإِنَّكَ بِأَعْيُنِنَا ۖ وَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ حِينَ تَقُومُ ﴾ الطور: ٤٨

واتە: ((خۆگر بە لە بەرانبەر بەجێهێنانی فەرمانی پەروەردگارتەوە، دڵنیا بە تۆ لەژێر چاودێری ئێمەدایت)).

# پێرست

پێشەکیی نووسەر.......................٨
(رحمة من الله لنت لهم)........................٩
ئادابی ئامۆژگارییکردن......................١٥
جیاوازیی زمانتان.............................٢٢
ئافرەت و کۆمەڵگە...........................٣٠
دادپەروەریی بناغەی پاشایە...................٣٧
پروپاگەندە و سووتەمەنیی.....................٤٣
عەقاد و شەکوکو..............................٥٠
پاڵەوانە بەهێزەکان...........................٥٦
بەرپرسیارێتیی ڕۆشنبیر........................٦٣
ئەوینی دلبەرم بەدەست هێنا...................٦٧
بەڵەمە ناوازەکە..............................٧٣
مێش باس لە پاکوخاوێنیی دەکات...............٨٠
پاشای میسر و چێشتلێنەر.......................٨٧

به ڕاستیی خودای گەورە حاڵی گەلێک ناگۆڕێت، تا ئەوەی نەفسی خۆیان نەگۆڕن.......................۹۲

ئەی ئەگەر ڕێگەنەدان لە لایەن خوداوە بێت؟.............۹۹

هارونی برام لە من زمانپاراوترە...........................۱۰۶

ئایا ئەوانەی دەزانن و شارەزان، وەك ئەوانەن کە هیچ نازانن و شارەزاییان نییە؟.....................................۱۱۲

بە ڕاستیی تۆ لەسەر ڕەوشت و خوویەکی زۆر جوان و پەسەند و بێوێنە و مەزنیت.......................................۱۱۷

بێگومان ئێمە دەزانین ئەو شتانە دڵت تووند دەکات............۱۲۱

پێرست ........................................۱۳۰




**Tanya Haji | تەنیاحاجی**

public channel

Description

بسم الله الرحمن الرحيم

🤍چەناڵێک تایبەت بە کتێب و  بابەتی جیاواز🤍

**ئەم کتێبە لەلایەن { ئاقان بەهجەت }**
**کراوە بە دیاری بۆ خوێنەران**

چەناڵ
https://t.me/tanyahaji7

t.me/tanyahaji7

Invite Link

YOUSUF AL-AZAWI

# ئەوینی دلبەرم بەدەست هێنا

سەلام لەسەر پێغەمبەرێک کە فێری ئەوینی کردین.
فێری کردین بە ئەوینەوە بژین.
فێری وەفای کردین.
فێری کردین بە درێژایی ژیان بەرانبەر دولبەرەکانمان چۆن وەفا بنوێنین!
فێری کردین مانای ئیخلاسیەت چییە؟
چونکە خۆی بە درێژایی ژیانی بەرانبەر ئەوینەکەی موخلیس بوو.
فێری کردین ئەوانەی خۆشمان دەوێن، ئەوان تاکە هێزی پاڵپشتی ئێمەن بەرانبەر ململانێکانی ژیان.
حەزرەتی سوڵتانی دڵان(سەلامی خودای لەسەر بێت) فێری کردین کە کاتێ دایە خەدیجەی خۆشویست، دڵسۆز بوو بۆی. کە دونیاشی جێهێشت یادگارییەکانی ئەوی لە دڵیدا هەڵگرتبوو.
بۆیە کاتێ پرسیاریان لێ دەکرد کە بۆچی هەمیشە خەدیجەی لەیادە؟
دەیفەرموو:
(ئاخر من ئەوینی دلبەرم بەدەستهێنا)

Design by: **younis.zeidan@gmail.com**
Kurdish Version: **Bassam Mahmoud** (@bassamart10)

هەولێر، بازاڕی ڕۆشنبیری، تەنیشت پارێزگا
+964 750 406 6674
Nawandi Raha ناوەندی ڕەها

1234567890